گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان
ISSN (Print):2218-0222
ISSN (Online): 2412-396X

Vol.28 Issue SpC 2024
ID No. 1504 (PP 24-45)
https://doi.org/10.21271/zjhs.28.SpC.2

توێژینەوە

# بڕیاری کشانەوەی بەریتانیا لە ڕۆژهەڵاتی سوێس ، کەنداوی عەرەبی (کەنداوی فارسی) 16ی کانوونی دووەمی ١٩٦٨دا، کاردانەوەکانی ئەمریکا وئێران و وڵاتانی کەنداو بەرامبەر ئەم بڕیارە (توێژینەوەیەکی مێژوویی - سیاسییە)

**اسماعيل عبدالله اسماعيل/**بەشی مێژوو،کۆلێژی ئاداب،زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر،هەولێر،هەرێمی کوردستان ،عیراق

**مهدي محمد قادر/** بەشی مێژوو،کۆلێژی ئاداب،زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر،هەولێر،هەرێمی کوردستان ،عیراق

## پوختە

ئەم توێژینەوەیە کە بە ناونیشانی (بڕیاری کشانەوەی بەریتانیا لە ڕۆژهەڵاتی سوێس، کەنداوی عەرەبی (کەنداوی فارسی) 16ی کانوونی دووەمی ١٩٦٨دا، کاردانەوەکانی ئەمریکا و ئێران و وڵاتانی کەنداو بەرامبەر ئەم بڕیارە ) دایە ، هەوڵێکە بۆ ئاشنا بوون بە ڕەوشی سیاسیی و ئابووری کەنداوی عەرەبی، کە بایەخ و گرنگی تایبەتی خۆی هەبووە لە سیاسەتی نێودەوڵەتی و ململانێیی زلهێزەکان لە ناوچەکە، بوونی هێزەکانی بەریتانیا لە ڕۆژهەڵاتی سوێس، کەنداوی عەرەبی (کەنداوی فارسی) کە بۆ ماوەی زیاتر لە سەدەیەک و نیو فەرمانڕەوایی ئەو ناوچەیەی کردووە ، هەروەها پرسی بنکە سەربازییەکانی بەریتانیا لەناوچەکە ببووە مایەی نارەزای ناوخۆیی ودەرەکی، بەشێکی زۆری پەرلەمانتارانی پاراتی کرێکارانی بەریتانی نارازی بوون وداوای کشانەوەیان دەکرد، هەرچەندە بەریتانیا پێی وابوو هێشتا پێویستیان بەو ناوچانەیە بۆ پاراستنی بنکەکانیان، لەم چوارچێوەیەشدا هارۆڵد ویڵسۆن (١٩١٦-١٩٩٥) سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا داوای کردبوو پێویستە مانەوەی ئەم بنکە سەربازیانە بە ڕێککەوتن لەگەڵ حکومەت و گەلانی ئەو ناوچەکە بێت، دواتر کاریگەرییەکانی جەنگی دووەمی جیهانی وسەرهەڵدانی دوو جەمسەری گەورەی جیهانی (ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و یەکێتی سۆڤیەت)، و شکستەکانی بەریتانیای ناچار کرد سیاسەتی خۆی لە ناوچەی کەنداو بگۆڕێت . لە کۆتاییدا ئەنجامی توێژینەوەکە و لیستی سەرچاوەکان و پوختەی توێژینەوەکەمان بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خستۆتە ڕوو.

CORRSPONDANCE
اسماعيل عبدالله اسماعيل
ismael.ismael1@su.edu.krd

وەرگرتن 2023/09/10
پەسندکردن 2024/02/11
بڵاوکردنەوە 2024/12/15

**وشە سەرەکییەکان:**
کشانەوە،
بەریتانیا،
ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا،
ئێران،
ڕۆژهەڵاتی سوێس،
کەنداوی عەرەبی (کەنداوی فارسی)،
کاردانەوە .

**About the Journal**
Zanco Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields.
https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

**1-پێشەكی :**

هێزەكانی بەریتانیا لەماوەی سالانی (1820 – 1971)، ناوچەكانی ڕۆژهەلاتی سوێس و كەنداوی عەرەبیان داگیر كردووە ، توانیوویانە سیستەمێكی ئابووری و سەربازی بەهێز لەناوچەكەدا دابمەزرێنن ، ئەمەش بەمەبەستی زامنكردنی بەرژەوەندییەكانیان بوو لەدژی هەر هێزێك بیەوێ بێتە ناوچەكە وبەرژەوەندیەكانیان بخەنە مەترسی، هەر چەندە ئەم سیستەمە توندەی بەریتانیا لەگەڵ خواست و ئارەزووەكانی خەڵكی ناوچەكەدا نەدەگونجا ، دواتر لەشەستەكانی سەدەی بیستەم لەگەڵ هاتنە سەر دەسەلاتی پارتی كرێكارانی لەبەریتانیا لەئەنجامی چەند هۆكارێكی ناوخۆیی بڕیاری كشانەوەی لەو ناوچانەدا ، لەهەمان كاتدا حكومەتی بەریتانیا بەڕوونی ئەوەی خستەڕوو كە مەرج نییە كشانەوەكەی بەو مانایە بێت كە دەستبەرداری بەرژەوەندییە ئابورییەكانی بێت لە ناوچەی كەنداوی عەرەبی ، دواتر لە ٢٣ی شوباتی ١٩٦٦دا وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا پەرتووكی سپی بلاوكردەوە، كە تیاییدا بەریتانیا بەڵێنی پێدانی سەربەخۆی بەوڵاتانی كەنداو دا سەرەتا بەسەربەخۆی عەدەن دەستپێكرد .

بڕیاری كشانەوەی هێزەكانی بەریتانیا لە ڕۆژهەڵاتی سوێس و كەنداوی عەرەبی نیگەرانی ئەمریكییەكانی بەدوای خۆیدا هێنا و ڕاستەوخۆش كاریكردە سەر سیاسەتی ئەمریكا لە ناوچەكەدا، بۆیە ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا زۆر هەوڵیدا كە بەریتانیا لەم بڕیارەی پاشگەز بكاتەوە، بەڵام سوودی نەبوو، شایانی باسە ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا خۆی بە میراتگری بەریتانیا دەزانی لە ناوچەی كەنداو، بەڵام لەو هەلومەرجی سیاسیی وسەربازی ئەمریكا لەبار نەبوو تاوەكو بتوانێت شوێنی بەریتانیا لە كەنداو پڕبكاتەوە، هەر بۆیە بەناچاری ئەم ئەركەی خستە ئەستۆی دوو وڵات كە هاوپەیمانی ستراتیجی بوون ئەوانیش هەر یەك لە ئێران و سعودیە بوون ،شای ئێران پێشوازی لە بڕیاری كشانەوەی هێزەكانی بەریتانیا لە ناوچەی كەنداو كرد، ئەم كشانەوەیەشی بە دەستپێكی قۆناغێكی تازە لە ناوچەكەدا وەسفكرد، جگە لەوەی سەردەمێكی نوێ بوو بۆ دەرخستنی تواناكانی ئێران تاوەكو بتوانێت ڕۆڵێكی كاریگەر لە ناوچەكەدا بگێڕێت. هەروەها شای سعودیە لەپێناو پاراستنی بەرژەوەندیەكانی لەناوچەكەدا داوای مانەوەی هێزەكانی بەریتانیای لە ناوچەكەدا كرد ئەگەر بۆ ماوەیەكی دیكراویش بێت تاوەكو وڵاتانی كەنداو دەتوانن هێزی خۆیان بنیات بنێت، چونكە لەو كاتەدا وڵاتی سعودیە لە ڕووی بنیادنانی سیستەمی نوێی بەرگری ئاسمانی بۆ بەرگركردن لە وڵاتەكەی بەهێز نەبوو .

**1-1 گرنگی توێژینەوەكە :**

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدا خۆی دەنوێنێ، لە خستنەڕووی زانیاری دەربارەی بڕیاری كشانەوەی بەریتانیا لە ڕۆژهەڵاتی سوێس لە ١٦ی كانوونی دووەمی ١٩٦٨

**1-2 ئامانجی توێژینەوەكە:**

ئامانج لە نووسینی ئەم بابەتە سەرەڕای گرنگیدان بەمێژوویی سیاسیی وئابووری ناوچەی كەنداوی عەرەبی وخستنەڕووی سیاسەتی ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا و ئێران وولاتانی ناوچەكە لەسەر بڕیاری كشانەوەی بەریتانیا لەكەنداوی عەرەبی .

**1-3 میتۆدی توێژینەوەكە:**

لەم توێژینەوەیە پشت بە میتۆدی خستنەڕووی زانیارییەكان و شیكاركردن و لێكدانەوەیان بەستراوە، بۆ ئەوەی بڕیاری كشانەوەی هێزەكانی بەریتانیا لە ڕۆژهەڵاتی سوێس، كەنداوی عەرەبی (كەنداوی فارسی) و كاردانەوە نێو دەوڵەتی و هەرێمیەكان بخرێتەڕوو .

**2- بڕیاری كشانەوەی هێزەكانی بەریتانیا لە ڕۆژهەڵاتی سوێس .**

شرۆڤەكارانی سیاسی و پسپۆڕانی ناوچەكە سەریان سوڕ نەما لە بڕیارەكەی حكومەتی پارتی كرێكارانی (Thorpe, 1997 : 1-2) بەریتانی بۆ كشانەوەی هێزەكانیان لە ڕۆژهەڵاتی سوێس (علاوی و احمد، ٢٠٢٢ : ٣١١)، چونكە لە ڕاستیدا ئەم بڕیارە لە ئەنجامی لاواز بوونی پێگەی بەریتانیا بوو لە ناوچەكەدا، هەرچەندە پێیان وابوو كە بڕیارەكە زۆر قورسە، لەبەرئەوەی كاتێكی زۆری پێویست بوو بۆ گفتوگۆو بیروڕوا گۆڕینەوە چ لەسەر ئاستی ناوخۆیی بەریتانیا چ لە ئاستی دەرەوە بۆ كۆتایی هێنان بەبوونی هێزی سەربازی بەریتانی لە ناوچەكە كە زیاتر .

بڕیاری كشانەوەی هێزەكانی بەریتانیا لە ڕۆژهەڵاتی سوێس كە بۆ ماوەی زیاتر لەسەدەیەک و نیو فەرمانڕەوایی ئەو ناوچەیە بوون، واتە لە ماوەی سالانی (1820 – 1971)، لەو ماوە دوور و درێژەدا بەریتانیا توانی شوێنی سێ هێزی گەورەی لە ناوچەكەدا بگرێتەوە كە ئەوانیش هەر یەک لە (پرتوگال، فەڕەنسا، هۆڵەندا) بوون، هەروەها بەریتانیا توانی سیستەمێكی ئابووری و ئەمنی بەهێز بنیات بنێت بەمەبەستی زامنكردنی بەرژەوەندییە تایبەتییەكانی و ڕێگریكردن لە هەر هێزێک كە بیەوێت بەرەو كەنداو هەنگاو بنێت، لە هەمان كاتدا ئەم سیستەمەش لەگەڵ خواست و ئارەزووەكانی خەڵكی ناوچەكەدا یەكانگیر نەبوو (الطناجي، ٢٠٠٥ : ٦٢)، هەروەها بەریتانیا لە بەڕێوەبردنی ناوچەی كەنداو لە چارەكی یەكەمی سەدەی بیستەم بەردەوام بوو لە ڕێگای فەرمانڕەوای گشتیەوە لە هیندستان تاكو ساڵی ١٩٤٧، بەڵام دوای سەربەخۆبوونی هیندستان بنكەی سەرەكییان گواسترایەوە بۆ بەحرێت .

جێگای ئاماژە پێكردنە لە ١٦ی تەمووزی ١٩٦٦دا هارۆڵد ویڵسۆن (الكيالي، ج1، 1995 : 365) سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا ڕایگەیاند كە پێویستە پرۆسەی كشانەوەی هێزەكانی بەریتانیا لە سێ ناوچەی سەرەكی جیهان لەوانە (ئەوروپا، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ڕۆژهەڵاتی نزیک) تەواو بكەن (Colman, 2004 : 177) .

لە هەمان كاتدا بەریتانیا پێی وابوو هێشتا پێویستیان بەو ناوچانەیە بۆ پاراستنی بنكەكان، هەرچەندە وڵسن ئاماژەی بەوەداو گوتی "ئێمە دان بەوە دەنێین كە ئەم بنكانە تەنها دەتوانرێت بە ڕێككەوتن لەگەڵ حكومەت و گەلانی ئەو ناوچەیە بهێڵرێتەوە كە ئەم بنكانەیان تێدایە"(177 : Colman, 2004 )، هەرچەندە حكومەتی بەریتانیا پێیوابوو كە مانەوەیان لە كەنداودا بەهۆی بەرژەوەندییە بەرفرەوانەكانە لەم ناوچەیە، بەڵام دواتر حكومەتی پارتی كرێكاران جەختی لەوە كردەوە تا جۆرێكی نوێ لە وزە لەبەردەستدا نەبێت یاخود شوێنێكی دیكە كە بەریتانیا پشتی پێ ببەستێت، پێویستە لە كەنداودا بمێنینەوە، هەر بۆیە گەڕان و پشكنین بەدوای نەوتدا لە ناوچە ئاوییەكانی بەریتانیا و دەریای باكووردا بە شێوەیەكی چالاک بەردەوام بوو، ئەمە جگە لە كەمیی خەرجییەكان (مدفوعات) كە بەریتانیای ناچاركرد پابەندییە سەربازییەكانی لە ناوچەكانی دەرەوەی وڵاتەكەی كەمبكاتەوە (Butler, 2002 : 180) .

لەلایەكی دیكەوە هەندێک هۆكاری تایبەت بە سیاسەتی ناوخۆی بەریتانیا هەبوو، كەوای لە حكومەتی پارتی كرێكاران كرد بڕیاری كشانەوە بدات، بە ئامانجی كەمكردنەوەی پابەندبوونە سەربازییەكانی بەریتانیا لە دەرەوەی ئەوروپا و بەتایبەتی تریش لە ڕۆژهەڵاتی سوێس (عبد الشجيري، 2004 : 42 - 46) .

سەرەڕای ئەمانە پرسی بنكە سەربازییەكانی بەریتانیا لە ڕۆژهەڵاتی سوێس لە ماوەی فەرمانڕەوایەتی پارتی كرێكاران مشتومڕێكی زۆری لە ناو خودی ئەو پارتە دروستكرد، هەر بۆیە لە ساڵی ١٩٦٦دا بە ئیمزای (٥٤) پەرلەمانتاری ئەو پارتە پێشنیارێكیان پێشكەش بە هارۆڵد ویلسۆنی سەرۆک وەزیران كرد و داوای چۆڵكردن و كشانەوەی هێزە سەربازییەكانی بەریتانیان لەم بنكانە كرد كە دەكەوێتە ڕۆژهەڵاتی سوێس بەر لە كۆتایی ساڵی١٩٧١، بە بیانووی ئەوەی خەرجی ئەم بنكانە (٣١٧) ملیۆن جونیەی ئیستەرلینی بوو لە ساڵێدا، لە كاتێكدا قازانجی بەریتانیا لە وەبەرهێنانەكانی لە ئاسیا تەنها (٦٠٠) ملیۆن جونیەی ئیستەرلینی بوو (العقاد، 1974 : 382)، سەرەڕای بوونی دژایەتییەكی زۆر بۆ بڕیاری كشانەوە لەلایەن پارتی پارێزگارانەوە(555 - 554 : Safra, and Cauz, Vol (3), 2010)، كە لەسەر ئەو بنەمایە بنیاد نرابوو كە پرسی كشانەوەی بەریتانیا بەرژەوەندییە ئابووری و نەوتییەكانی بەریتانیا لە ناوچەكەدا دەخاتە مەترسییەوە (متى، 1993 : 72)، لەهەمان كاتدا حكومەتی بەریتانیا بەڕوونی ئەوەی خستەڕوو كە مەرج نییە كشانەوەكەی بەو مانایە بێت كە دەستبەرداری بەرژەوەندییە ئابورییەكانی بێت لە ناوچەی كەنداوی عەرەبی، بەپێچەوانەوە بەپەرۆشەوە كار بۆ ئامادەكردنی هەندێک ڕێكخستنی پێویست دەكات بۆ سەقامگیری ناوچەكە كە بەبەشێكی گرنگی زانیوە لە ستراتیجیەتی بەریتانیا لە قۆناغی داهاتوودا (العقاد، 1972 : 152)،هەربۆیە حكومەتی بەریتانیا ڕێوشوێنی پێویستی گرتەبەر بۆ ئامادەكاری بۆ كشانەوەكە، ئەویش بە كەمكردنەوەی خەرجییەكانی هێزەكانی بەریتانیا كە لە ساڵی ١٩٦٦ دەستپێكرد، كاتێک ڕاگەیاند كە خەرجی هێزە سەربازییەكانی لە ڕۆژهەڵاتی سوێس كەمدەكاتەوە . جگە لەمەش حكومەتی پارتی كرێكاران لەسەروبەندی نزیک بوونەوە لە هەڵبژاردنە گشتییەكان بوو، هەروەها لە ساڵی ١٩٦٦دا ڕاپۆرتێكی بڵاوكردەوە كە تیایدا باسی لە ڕۆڵی گرنگ و كاریگەری هێزەكانی بەریتانیای لە دەرەوەی ئەوروپا بۆ پاراستنی ئاشتی و بەرژەوەندییەكانی بەریتانیا لە ململانێ ناوخۆییەكاندا كرد، هەروەها هەر لە هەمان ڕاپۆرتدا هاتبوو كە بەریتانیا پابەندە بە ڕۆڵی ڕێگریكردن و بەرپەچدانەوە لە دژی سەرهەڵدانی ململانێ ناوخۆییەكان، و پاشان بەریتانیا سووربوو لەسەر بەرپرسیارێتی بەرگری نێودەوڵەتی (مراد، 1984 : 476) .

جگە لەمەش وەزارەتی بەرگری بەریتانیا لە ساڵی ١٩٦٧ یاداشتێكی پێشكەش كرد بەمەبەستی كەمكردنەوەی بنكەكانی بەریتانیا لە ڕۆژهەڵاتی سوێس (العيدروس، 1985 : 356)، لێرەدا بەریتانیا دركی بەوەكردبوو كە پرسی بوونی سەربازیی تەقلیدی لەناوچەكە هیچ پاساوێكی بۆ نیە جگە لە بەهەدەردانی خەرجیەكی زۆر، هەربۆیە پێویست بوو بەریتانیا چارەسەرێک بدۆزێتەوە لەسەر بنەمای لێكتێگەیشتن لەگەڵ فەرمانڕەواكانی ناوچەكەدا بە پشتبەستن بە دامەزراندنی پەیماننامەی دۆستایەتی و هاوكاری لەبری كۆنترۆڵ كردنی سەربازی (السبعاوي، 2010: 6) .

لەلایەكی دیكەوە كاریگەرییەكانی جەنگی دووەمی جیهانی و لاوازبوونی پێگەی بەریتانیا لە جیهاندا، ئەمە جگە لەسەرهەڵدانی دوو جەمسەری گەورەی جیهانی (ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا و یەكێتی سۆڤیەت)، كە بەریتانیای ناچار كرد سیاسەتی خۆی لە ناوچەی كەنداو بگۆڕێت، دوای ئەوەی بەریتانیا لە ساڵی ١٩٦٥ بڕیاریدا لە عەدەن بمێنێتەوە لە پێناو پاراستنی بەرژەوەندییەكانی، دواتر لە ئەنجامی زیانە یەک لە دوای یەكەكانی هێزەكانی بەریتانیا لە باشووری یەمەن (علاوی و احمد، ٢٠٢٢ : 306)، وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا لە ٢٣ی شوباتی ١٩٦٦دا پەرتووكی سپی بڵاوكردەوە، كە تیایدا بەریتانیا بەڵێنی پێدانی سەربەخۆیی بە عەدەندا لە كانوونی دووەمی ١٩٦٨(علاوی و احمد، ٢٠٢٢ : ٣١٠)، لەگەڵ كشانەوەی لە باشووری عەرەبستان، بەڵام بەر لەوادەی دیاریكراو

بەریتانیا کشانەوەی هێزەکانی لە عەدەن ڕاگەیاندن، ئەمەش زۆرترین کاریگەری لەسەر بڕیاری کشانەوەی گواستنەوەی بنکە سەربازییەکانی بەریتانیا لە ناوچەی کەنداوی عەرەبی هەبوو، بەو پێیەی ئەم ڕاگەیاندنە ئاماژە بوو بۆ وازهێنانی بەریتانیا لە پابەندبوونەکانی بەرامبەر بە ڕژێمە دڵسۆزەکانی لە ناوچەکەدا، دواتر لە تشرینی دووەمی ١٩٦٧ بەشێوەیەکی کردەیی هێزەکانی لە بنکەی سەربازیی عەدەن کشاندەوە (السامرائي، 2005 : 43)، بەمجۆرە بڕیاری کشانەوەیان لە عەدەن و گواستنەوەی بنکە سەربازییەکان بۆ کەنداوی عەرەبی لە ئەنجامی کاریگەریی بزووتنەوە ناسیۆنالیستیە عەرەبییەکان بوو و ڕەنگدانەوەیەکی بەهێزیشیان لەسەر سیاسەتی بەریتانیا و ئاڕاستەکانی هەبوو، هەروەها فشارەکانی ڕای گشتی بەریتانیا هۆکار بوون بۆئەوەی وەزارەتی بەرگری بەریتانیا لە کۆتایی ساڵی ١٩٦٧دا کتێبێکی دیکەی سپی دەربکات، بەمەبەستی کەمکردنەوەی بنکە سەربازییەکانی بەریتانیا لە ڕۆژهەڵاتی سوێس و پاراستنی بەرژەوەندییەکانی بەریتانیا لە دەرەوەی ئەوروپا، لەگەل ڕۆڵی ڕێگریکردن و بەرپەچدانەوەی هەر جووڵانەوەیەکی یاخی بوون لە کەنداوی عەرەبی بگێڕێت (السامرائي، 2005 : 43؛ العيدروس، 1985 : 273) .

شایەنی باسە بەریتانیا هەریەک لە سعودیە و ئێرانی لە بڕیاری کشانەوەی لە عەدەن ئاگادارکردبۆوە لە پێناو دووبارە ڕێکخستنەوەی کاروبارەکانی لەناوچەکەدا، بە پشتبەستن بە هاوپەیمانەکانی بەمەبەستی دابەشکردنی ئەرک و بەر پرسیارێتیەکان لە نێوانیاندا، هەربۆیە بڕیاریدا هێزەکانی لە عەدەن و باشووری نیمچە دوورگەی عەرەبی بگوازێتەوە بۆ بنکەکانی لە کەنداوی عەرەبی لە (بەحرەین و شارقە و عومان) (علاوی و احمد، ٢٠٢٢ : 306)، هەروەها بەریتانیا جەختی لەوەشکردەوە کە پارێزگاری لە هیچ بنکەیەک لە عەدەن و باشووری دوورگەی عەرەبی ناکات، چونکە بەریتانیا دەیویست ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە باشووری یەمەن جێگەی بگرێتەوە، بەڵام ئەمریکا بەهۆی سەرقاڵی بوونی بە جەنگی ڤێتنام وایکرد کە لەو کاتەدا ئامادە نەبێت ئەو ئەرکە بگرێتە ئەستۆ (علاوی و احمد، ٢٠٢٢ : 310) .

لەلایەکی دیکەوە بەهۆی ئەو دابەزینەی کە لە ساڵی ١٩٦٧ دووچاری جونیەی ئیستەرلینی هات، لە هەمان کاتدا بۆ دەستەبەرکردن و بەدەستهێنانی پاڵپشتی ئەو باڵەی ناو پارتی کرێکاران، کە زۆر بە توندی دژی کەمکردنەوەی بودجەی هاوکاری کۆمەڵایەتی وەستانەوە(علوش، 2019 : 308)، حکومەتی بەریتانیا ناچار بوو بەشێکی زۆری بودجەکەی ببڕێت بۆ ئەوەی بتوانێت قەرەبووی دابەزینی بەهای جونیەی ئیستەرلینی بکاتەوە (Butler, 2002 : 180)، هەروەها ناهاوسەنگی لە خەرجیەکان و زیادبوونی هەڵاوسان وای لە حکومەتی پارتی کرێکاران کرد بە جدی بیر لە ئەنجامدانی پرۆسەی خۆگونجاندنی (تقشف) فراوان بکاتەوە بۆ گێراندنەوەی متمانە بە ئابووری بەریتانیا (الكيلاني، 2019 : 155)، هەروەها دووبارە دابەشکردنەوەی هێزەکانی بەریتانیا، یاخود کشانەوەیان، یان دۆزینەوەی ڕێگایەک بۆ ڕزگاربوون لە خەرجییەکانیان لە ڕۆژهەڵاتی نۆکەندی سوێس کە یەکێک بوو لە هۆکارو ئامانجە سەرەکییەکانی حکومەتی بەریتانیا بۆ زاڵبوون بەسەر هەڵاوسان، لە هەمان کاتدا لە ١٩٦٧دا ویڵسن هۆشداریدا و گوتی: "نابێت خۆمان بە هیچ شتێکەوە فریو بدەین، و با دیدگاکەمان ڕوون بێت، چونکە ڕۆڵی بەرگری بەریتانیا لە جیهاندا کۆتایی هاتووە" (مراد، 1984 : 476) .

لەلایەکی دیکەوە سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا پرۆژەیەکی سەربازیی لە نێوان (بەریتانیا، ئەمریکا، ئوسترالیا و نیوزلەندا) ڕاگەیاند کە ئامانجی دۆزینەوەی هاوکاریی بوو لە نێوان ئەم هێزانە لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی سوێس بۆ پشتگیریکردن لە پلانی ستراتیژی سەربازی، هەربۆیە لە ساڵی ١٩٦٧ (ئەنجومەنی العموم) ڕەزامەندی لەسەر کشانەوەی هێزەکانیان دەربڕی بۆ کەمکردنەوەی خەرجییەکان بەگشتی لە بەریتانیا دوای دابەزینی بەهای جونیەی ئیستەرلینی (مراد، 1984 : 476 - 477) .

لە ٣٠ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٧ وەزیری دەرەوەی بەریتانیا گەیشتە ئەو بڕوایەی کە ئەو بارودۆخەی ئەمریکا تێیدایە لە ژێر ڕۆشنایی هاوکێشە ستراتیژییەکان، وایکردووە لەندەن دەستبەرداری پێگەی خۆی بێت لە کەنداو، هەربۆیە پێویست بوو ئەم بڕیارە بە فەرمانڕەوا ناوخۆییەکانی کەنداو ڕابگەیەنرێت و دڵنیایان بکەنەوە کە بەریتانیا چیتر ناتوانێت بەرپرسیارێتی بەرگریکردنی کەنداو لە ئەستۆ بگرێت، لە هەمان کاتدا لەسەر فەرمانڕەوا ناوخۆییەکانی کەنداو پێویستە گرنگی و پەرە بەبارودۆخی ناوخۆییان بدەن، چونکە بەریتانیا چیتر بەرپرسیارێتی پاراستنیان لەئەستۆ ناگرێت و دەبێت بارودۆخی ناوخۆیی خۆیان پەرەپێبدەن، لەبەرئەوەی لێرە بەدواوە بەریتانیا پشت بەبەرژەوەندییە نەوتییەکانی خۆی دەبەستێت، سەرەڕایی ئەوەی بەریتانیا پەیماننامەی لەگەڵ فەرمانڕەواکانی کەنداودا هەبوو (النقيب ، 1989 : 83 – 101 ؛ عبدالله، 2011 : 48 – 53 ؛ Onley, 2011 : 10 - 11) .

هەرچەندە پێشتر ئەنجوومەنی العموم بڕیاریدابوو بە کشانەوەی هێزەکانیان لە ناوچەی کەنداو هەربۆیە دووبارە دێنیس هێرلی(Safra, and Cauz, Vol (5), 2010 : 778) وەزیری بەرگری بەریتانی لەبەردەم ئەنجومەنی عمومی بەریتانی ڕایگەیاند "کەنداو ناوچەیەکی گرنگ و زیندووە، هەربۆیە ئەم ناوچەیە چیتر تەنها بۆ ئابووری ڕۆژئاوا گرنگ نیە، بەڵکو بۆ ئاشتی جیهانیش زۆر گرنگە، ئەمەش پێویستی بەوە هەیە کەوا هێزەکانمان لەو ناوچەیەدا نەکشێنێتەوە(علوش، 2019 : 307) ، هەروەها لە لێدوانێکی

هاوشێوەدا جۆرج براون (الخفاجي، 2016 : 192) پەرلەمانتاری پارتی کرێکارانی بەریتانی لە٢٠ی تەمموزی ١٩٦٧ لەبەردەم ئەنجوومەنی عمومی بەریتانی، ئەوەی دووپاتکردەوەو وتی: "لەژێر ڕۆشنایی بارودۆخی نالەبارو پڕ لە دڵەڕاوکێی ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لەسەر ئێمە پێویستە گرنگییەکی تایبەت بە سەقامگیری و ئاسایشی ناوچەی کەنداوی عەرەبی بدەین، چونکە تا ئێستاش بە پێی پەیماننامەی پارێزگاری لێکردن بە ئێمەوە بەستراونەتەوە (علوش، 2019 : 307)، لەهەمان کاتدا نیگەرانی خۆی لە سەقامگیری لە ناوچەی کەنداو دەربڕی و گوتی "هێزەکانمان تەنها بۆ پاراستنی بەرژەوەندییە نەوتییەکانمان لە کەنداو ئامادە نین، بەڵکو مەبەست لەبوونی ئەو هێزانە پاراستن و سەقامگیرییە لەناوچەکەدا" (المطيري، 2013 : 125) .

دوای ئەوەی بەریتانیا بۆ جارێکی تر لە ساڵی ١٩٦٧ (پەرتووکی سپی)ی دەرکرد، سەبارەت بە کەمکردنەوەی خەرجییەکانی بەرگری بەریتانیا و پاشان کشانەوەی لە ناوچەی کەنداوی عەرەبی، ئەم هەنگاوەی بەریتانیا ئاماژەیەکی ڕوونە کە هۆکارە ئابوورییەکانن وایکردووە حکومەتی بەریتانیا بەناچاری پەنا بۆ کەمکردنەوەی خەرجییەکانی بەرگری ببات بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی خراپی دۆخی ئابووری لە ناوخۆیی بەریتانیا و هەروەها لە ئەوروپادا نەبێتەوە (عبدالله، 2011 : 69) .

دەکرێ بڵێین ئاسایش و سەقامگیری کەنداو  لەم ماوەیە کە بەسیاسەتی بەریتانیا بەسترابوویەوە زۆر گرنگ بوو بۆی، چونکە بوونیان نەک تەنها بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان، بەڵکو بۆ سەقامگیرکردنی ناوچەکەش گرنگ بوو دوای کشانەوەی هێزەکانیان .

شایەنی باسە بەر لەوەی بەریتانیا بەشێوەیەکی فەرمی کشانەوەی هێزەکانی ڕابگەیەنێت، گرۆنی ڕۆبەرتس وەزیری دەوڵەت بۆ کاروباری دەرەوەی بەریتانیا و بەرپرسی کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لە کانوونی دووەمی ١٩٦٨، لەلایەن حکومەتی بەریتانیا بۆ ئەرکێکی نهێنی بەمەبەستی سەردانی کردنی بەشێک لە وڵاتانی کەنداو ڕاسپێردرا لەوانە (سعودیە، کوێت، ئێران)، بۆ گەیاندنی بڕیاری حکومەتی بەریتانیا بە دەسەلاتدرانی کەنداو (قاسم، مج(4)، 1996 : 272 ؛ علوش، 2019 : 307 )، لە هەمان کاتدا بە ئامانجی ئەنجامدان و ئامادەکاری بۆ ڕێکخستن و دامەزراندنی ڕێکخراوێکی بەرگری هاوبەش لە نێوان ئەم وڵاتانە بەمەبەستی زەمینەسازی بۆ بەرقرارکردنی ئاشتی و ئاسایش بۆ ناوچەکە لە دوای کشانەوەی هێزەکانیان (الكيلاني، 2019 : 158) ، هەروەها ئامانجێکی دیکەی ڕۆبەرتس لەم سەردانەی بۆ ناوچەکە دڵنیایی دانبوو بە فەرمانڕواکانی کەنداو کە بەریتانیا دەستبەرداری پشتیوانییەکانیان نابێت، هەروەها بۆئەوەی پێیان ڕابگەیەنێت کەوا کەنداوی عەرەبی لە پلان و ستراتیجی بەریتانیا بە گرنگ دەمێنێتەوە تا سەرچاوەی وزە بێت بەتایبەتی نەوت، هەروەها ناوبراو هەوڵیدا ڕوونکردنەوەیەکی زیاتر لەبارەی کشانەوەی بەریتانیا لە ناوچەکە نەدات، بەڵکو زیاتر سەرنجی لەسەر دڵنیاکردنەوەی فەرمانڕەواکانی کەنداو بوو لەگەڵ ڕۆڵ و گرنگی پێدانی بەریتانیا بەناوچەکە بەتایبەتی دوای ئەو لێدانانەی کە لە عەدەن بەر هێزەکانیان کەوت، ئەمەش لەلایەن دەسەڵاتدارانی کەنداوەوە بە نیگەرانی و دڵەڕاوکێیەکی زۆرەوە سەیرکرا، چونکە زۆر باش دەیانزانی پاشەکشە لە ڕۆڵی بەریتانیا ڕەنگدانەوەی نەرێنی بەشێوەیەکی سەرەکی لەسەر پێگە سیاسییەکانیان دەبێت (علوش، 2019 : 307) .

سەرەڕای فشارو داواکارییەکان بۆ پاشگەزبوونەوەی بەریتانیا لە بڕیارەکەی، بەڵام دواجار بەریتانیا گەیشتە بڕیاری کۆتایی سەبارەت بە کشانەوەی هێزەکانی لە ڕۆژهەڵاتی سوێس، دوای ئەوەی لە ١٦ی کانوونی دووەمی 1968 حکومەتی پارتی کرێکارانی بەریتانیا بە سەرۆکایەتی (هارۆڵد ویڵسۆن) لەبەردەم ئەنجوومەنی عمومی بڕیاری کشانەوەی هێزەکانی بەریتانیایدا لە ڕۆژهەڵاتی سوێس و کەنداوی عەرەبی لە ماوەی سێ ساڵدا (واتە لە ساڵی 1968 تا پێش کۆتایی هاتنی ساڵی 1971) ڕاگەیاند (F.R.U.S, XXIV, 1969–1976, 13 January, 1971, no: 93 : 289 ;  McMunn, 1974 : 32  ; AL – Mubarak, 1976 : 32 ; New York Times Jan 17 , 1968 )، هەروەها هەر لە بەیاننامەکەدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە حکومەتی بەریتانیا بڕیاری کڕینی پەنجا فڕۆکە لە جۆری (F – 111) بە بەهای  ملیارێک و دوو ملیۆن دۆلار لەگەڵ ئەمریکا هەڵوەشاندۆتەوە، ئەم گرێبەستە لەو کاتەدا بەهێمای توانای سەربازی داهاتووی بەریتانیا لە دەرەوەی ئەوروپا دادەنرا (سليم و محمد، 2018 : 67 ) .

لەلایەکی دیکەوە حکومەتی بەریتانیا هەوڵیدا پاساو بۆ بڕیارەکەی بهێنێتەوە بەهۆی ئەو سەختییانەی کە ڕووبەڕووی بەرژەوەندییەکانی بۆتەوە لەئەنجامی بوونی سەربازیی لە ناوچەی کەنداوی عەرەبی، ئەمەش لەلایەن مایکل ستیوارت وەزیری دەرەوەی بەریتانیا ڕایگەیەندرا کە حکومەتی بەریتانیا ناتوانێت سەقامگیری و ڕۆیشتنی نەوت لە ڕێگەی هەژموونی سەربازییەوە بپارێزێت لە ناوچەکەدا، بەڵکو لەم بارەیەوە دەبێت لە ڕێگای لێک تێگەیشتن لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکە ئەنجام بدرێت (سليمان، 2015 : 205) .

لە ماوەی ئەم سێ ساڵەدا کشانەوەی تەواوی هێزەکانی بەریتانیا لەو ناوچانە قۆناغ بە قۆناغ کۆتایی پێ دێت ( New York Times, January 17  1968)، هەربۆیە لە ماوەی ئەم سێ ساڵەدا گفتوگۆی بەردەوام لە نێوان بەریتانیا و میرنشینەکانی عەرەبی لە کەنداو

هەبوو بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە سەربازییەی کە هێزەکانی بەریتانیا لەدوای خۆیان بە جێی دەهێڵن لە ناوچەکەدا (الفارس، ٢٠٠٧ : ١١) .

جێگای ئاماژەیە بڕیاری کشانەوەی بەریتانیا لە کەنداو دوو لایەنی لەخۆگرتبوو: یەکەمیان سەربازی، ئەویش بە کشانەوەی شەش هەزار لە هێزی پیادەی بەریتانیا کە بنکەکانیان لە بەحرێن و شارقە بوون، دووەمیشیان سیاسی، ئەمەشیان کۆتایی هێنان بوو بە پەیماننامە کۆنەکەی پەیوەیست بە بەرگری و گۆڕینی بە پەیماننامەی نوێ لەسەر بنەمای دۆستایەتی و هاوکاری (الربيعي، ٢٠١٢ : ١٨٤)، واتە گۆڕانکاری لە ڕێککەوتنی پاراستنەوە بۆ ڕێککەوتنی دۆستایەتی ناپابەندبوون، واتا لایەنەکان هیچ ئەرکێکی گەورەیان بەرامبەر بەیەکتر نابێت یاخود دوو لایەنەکە پابەند ناکات بۆ هیچ ئەرکێکی گەورە بەرامبەر بەیەکتری، بۆیە حکومەتی بەریتانی دەبوو پێداچوونەوە بە مەرجەکانی ئەو پەیماننامانەدا بکات لەگەڵ فەرمانڕەواکانی کەنداوی عەرەبی، چونکە لەدوای کشانەوەی هێزەکانی بەریتانیا گونجاو نەدەبوو بۆ حکومەتی بەریتانی پەیڕەوی سیاسەتە کۆنەکەی لەگەڵ فەرمانڕەواکانی کەنداو بکات، هەروەها ئەم سیاسەتە کۆنە لەگەڵ بارودۆخی سەردەمی نوێ گونجاو نەبوو، هەربۆیە پێویست بوو پەیماننامەی نوێ لەسەر بنەمای دۆستایەتی ئەنجام بدات (AL – Mubarak, 1976 : 32) .

ئەنجومەنی وەزیرانی بەریتانیا ئاماژەی بە دوو پرسی گرنگ کرد بۆ سەرکەوتنیان لە پرۆسەی کشانەوەی هێزەکانیان لە ناوچەکە لە کاتی گونجاودا، پرسی یەکەم بریتی بوو لەوەی کە پەیوەندی نێوان بەریتانیا و فەرمانڕەواکانی کەنداو تا ساڵی ١٩٧١ پێویستە جێی متمانە بێت، مەگەر بارودۆخێکی نەخوازراو سەرهەڵبدات، یاخود بارودۆخێک بێتە پێشەوە نەتوانرێت پارێزگاری لێ بکرێت، یاخود پێش ئەو وادەیە نەتوانرێت بکشێنەوە، پرسی دووەمیش ئەوەبوو کە هیچ شتێک نەگوترێت یاخود هیچ کردارێک ئەنجام نەدرێت دەربارەی کاتی کشانەوەکە، لەسەر ئەم بنەمایە دەتوانرێت کشانەوەکە بەبێ کێشە و بەبێ زیان گەیاندن بە بەرژەوەندییەکانی بەریتانیا لە ناوچەی کەنداوی عەرەبی ئەنجام بدرێت (FCO 8 / 10, Foreign Offive, 4 March 1968 : 73 – 77).

دەکرێ بڵێین ئەم بڕیارە بە وەرچەرخانێک لە مێژووی ناوچەکە دادەنرێت، بەو پێیەی کۆتایی سەردەمێکی درێژخایەنی کۆڵۆنیالیزم بوو کە نزیکەی سەدە و نیوێکی خایاند، کە تیایدا بەریتانیا لە سەدەی نۆزدەهەمەوە تا ناوەڕاستی سەدەی بیستەم کاریگەری گەورەی بەسەر ناوچەی کەنداوی عەرەبیدا هەبوو، ، هەروەها بوونی بەریتانیا لە ناوچەی کەنداوی عەرەبیدا بۆ پاراستن و سەقامگیری ناوچەی ئۆقیانوسی هیندی، و بۆ خزمەتکردنی ستراتیژی بەریتانیا بوو .

هۆکارەکانی کشانەوەی هێزەکانی بەریتانیا لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی سوێس و کەنداوی عەرەبی (کەنداوی فارسی) .

سەبارەت بە کشانەوەی هێزەکانی بەریتانیا چەندین هۆکار ڕۆڵیان تێدا بینیووە کە لە خوارەوە ئاماژەیان پێ دەکەین :-

١- دابەزینی بەهای دراوی جونەیهی ئیستەرلینی بەریتانی لەو سەردەمەدا کە ئەمەیان وایکرد بەریتانیا تێچوویەکی زۆری بکەوێتە ئەستۆ لە مانەوەیدا لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی سوێس و کەنداوی عەرەبی، ئەمەش کاریگەری گەورەی هەبوو لەسەر تێکچوونی بارودۆخی ئابووری ناوخۆی بەریتانیا (الزناد، ٢٠١٥ : ٨٧) .

٢- نەمانی هۆکاری ڕاستەوخۆی مانەوەی هێزەکانی بەریتانیا لە ناوچەکە، چونکە کاری پاراستن و پارێزگاری لە بەرژەوەندییە نەوتیەکانیش لەجیاتی وڵاتانی وەک (ئەمریکا، ژاپۆن، فەرەنسا) ئەنجام دەدا، هەروەها هیچ هۆکارێك نەمابوو بۆ بەردەوامی دان بە مانەوەی هێزەکانی بەریتانیا لە ناوچەکەدا، ئەگەر بابەتەکە بۆ پارێزگاری کردن لە بەرژەوەندی نەوتی بێت لە کەنداو، ئەوا وڵاتانی دیکەی وەك (ئەمریکا و ژاپۆن و فەڕەنسا) بە ڕێژەیەکی بەرچاو وەبەرهێنانیان لە کەرتی نەوت لە کەنداو دەکرد، لە هەمان کاتدا بەرژەوەندی گەورەشیان لە ناوچەکە هەبوو، بەڵام هیچ هێزێك و بنکەیەکی سەربازیی گەورەیان نەبوو بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان لە ناوچەکە، هەروەها هیچ تێچوویەکی سەربازیشیان نەبوو ، کەچی بەریتانیا بە تەنها ئەم تێچووە ئابوورییە گەورەیەی لە ئەستۆ گرتبوو بە هۆی مانەوەی هێزەکانی لە کەنداو ((الزناد، ٢٠١٥ : ٢٢٥ ؛ الكيلاني، ٢٠١٩ : ١٥٥) .

٣- دوای کۆتایی هاتنی جەنگی دووەمی جیهانی لە ساڵی ١٩٤٥ ڕۆڵی بەریتانیا وەك زلهێزێك لە پاشەکشەدابوو، بە تایبەتی دوای ئەوەی لە ساڵی 1947 هیندستانی لە دەستدا کە بە (گەوهەری تاجی بەریتانیا ناسرا بوو) (العجمي، 2006 : 340) .

٤- لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا، ناوچەی عەرەبی چەندین پێشهاتی سیاسی و کۆمەڵایەتی و سەربازیی بەخۆیە بینی، کە بوونە هۆی گەشەسەندنی هۆشیاری نیشتیمانی و نەتەوەیی لەم وڵاتانە، هەربۆیە بەریتانیا لەم ماوەیەدا نەیتوانی درێژە بە سیاسەتە کۆنەکەی خۆی بداتکە بریتی بوو لە چەسپاندنی دەسەڵاتی ڕاستەوخۆی خۆی لەناوچەکەدا (الفتلاوي، ٢٠٠٧ : ٢٤) .

٥- کشانەوەی بەریتانیا لە میسر لە ساڵی 1954، هەنگاوێکی دیکە بوو لە زنجیرە هەنگاوەکانی پاشەکشەی بەریتانیا لە ناوچەکە، هەروەها خاڵێکی دیکە لە کەمبوونەوەی ڕۆڵی بەریتانیا لە ڕۆژهەڵاتی سوێس بریتی بوو لە شکستی هێرشی سێ قۆڵی بۆ سەر میسر ساڵی 1956 کە بەریتانیا یەکێک لە ئەنجامدەرانی بوو، هەروەها ڕووخانی ڕژێمی پاشایەتی لە هەر یەک لە میسر ساڵی ١٩٥٢ ، لە

عێراق له‌ ساڵی ١٩٥٨، هه‌روه‌ها دامه‌زراندنی كۆماری عه‌ره‌بی یه‌كگرتوو ١٩٥٨ – ١٩٦١ (حمد ال ثـاني، 2000 : 223 ؛ قاسـم ، 1997 : ٢).

٦- دوای كۆتایی هاتنی جه‌نگی دووه‌می جیهانی زلهێزی گه‌وره‌ی جیهانی دیكه‌ په‌یدابوون له‌وانه‌ ویلایه‌ته‌ یه‌كگرتووه‌كانی ئه‌مریكـا كه‌ خاوه‌ن هێزی سه‌ربازی گه‌وره‌و ئابوورییه‌كی به‌هێز بوو، وه‌ك جێگره‌وه‌ی به‌ریتانیا ده‌هاته‌ به‌رچاو له‌ جیهاندا (علوش، ٢٠١٩ : ٣٠٦ ) .

٧- له‌به‌ر مانه‌وه‌یـان بـۆ مـاوه‌یه‌كی دوورو درێـژ له‌ نـاوچه‌كه‌، دانیشـتوانی كه‌نـداوی عه‌ره‌بـی به‌ چـاوی بێـزاری و وه‌ك داگیـركه‌ر له‌ به‌ریتانیایان ده‌ڕوانـی، هه‌ر بـۆیه‌ كشـانه‌وه‌ی به‌ریتانیـاش له‌ نـاوچه‌كه‌ وه‌ك نیشـاندانی نیـاز پـاكی ئه‌و وڵاته‌ بـوو كه‌ چیـتر به‌ریتانیـا هێزێكی داگیركه‌رو ئیمپریالیزم نیه‌ .

٨- ماوه‌یه‌ك بوو هێزه‌كانی به‌ریتانیا له‌ ناوچه‌ی كه‌نداو كه‌وتبوونه‌ به‌ر هێرش و په‌لاماری هێـزه‌ چه‌كـدارو شۆڕشـگێڕه‌كانی كه‌نـداو به‌ تایبه‌تی له‌ عومان و له‌ ناوچه‌ی زه‌فاری سه‌ر به‌و وڵاته‌ .

٩- دوای كۆتایی هاتنی جه‌نگی دووه‌می جیهانی سه‌رده‌می داگیركاری ڕاسته‌وخۆیی ووڵاتان كۆتایی پێ هات، هه‌ر بۆیه‌ چیتر پێویست نه‌بوو ئیمپریالیزم به‌هێزێكی گه‌وره‌ی سه‌ربازی له‌ ناوچه‌كه‌ بمێنێته‌وه‌ و تێچوویه‌كی گه‌وره‌ی ئابووری بگرێته‌ ئه‌ستۆ، چونكه‌ به‌ هۆی پێشكه‌وتنی ته‌كنه‌لۆژیای جه‌نگیه‌وه‌ پێویست به‌ مانه‌وه‌ی هێزی گه‌وره‌ی سـه‌ربازی نه‌ده‌كـرد له‌ نـاوچه‌كه‌دا، به‌ڵكـو ده‌كـرا له‌ ڕێـگه‌ی كه‌شتی جه‌نگی پێشكه‌وتووه‌وه‌ له‌ كه‌نداو چاودێری ناوچه‌كه‌ بكرێت (السبعاوي، ٢٠١٠ : ٦ - ٧) .

## 3-كاردانه‌وه‌ی ویلایه‌ته‌ یه‌كگرتووه‌كانی ئه‌مریكا وئێران و وڵاتانی كه‌نداو به‌رامبه‌ر كشانه‌وه‌ی هێزه‌كانی به‌ریتانیا له‌ ڕۆژهه‌ڵاتی سوێس و كه‌نداوی عه‌ره‌بی.

### 1-3 -كاردانه‌وه‌ی ویلایه‌ته‌ یه‌كگرتووه‌كانی ئه‌مریكا

بڕیاری كشانه‌وه‌ی هێزه‌كانی به‌ریتانیا له‌ ڕۆژهه‌ڵاتی سوێس و كه‌نداوی عه‌ره‌بـی نیگه‌رانییه‌كـی زۆری ئه‌مریكییه‌كـانی به‌دوای خۆیـدا هێنا و ڕاسته‌وخۆش كاریكرده‌ سه‌ر سیاسه‌تی ئه‌مریكا له‌ ناوچه‌كه‌دا، چونكه‌ كه‌نداوی عه‌ره‌بی شوێنێكی ستراتیجی و گرنـگ بـوو، له‌ هه‌مان كاتدا سه‌رچاوه‌ی دابینكردنی وزه‌ بوو بۆ ئه‌مریكا له‌ خۆرهه‌ڵاتی ناوه‌ڕاستدا .

له‌ نیسانی ١٩٦٧ به‌ر له‌وه‌ به‌ریتانیا بڕیاری كشانه‌وه‌ له‌ ناوچه‌ی ڕۆژهه‌ڵاتی سوێس ڕابگه‌یه‌نێت، جۆرج براون وه‌زیری ده‌ره‌وه‌ی به‌ریتانیا به‌مه‌به‌ستی گه‌یاندنی نیازی حكومه‌ته‌كه‌ی به‌ ده‌سه‌ڵاتدارانی واشنتۆن سه‌ردانی ئه‌و وڵاته‌ی كرد و له‌ میانی دیداره‌كه‌یدا له‌گه‌ڵ (دین ڕاسک) وه‌زیری ده‌ره‌وه‌ی ئه‌مریكا، ئاماژه‌ی به‌وه‌دا كه‌ به‌ریتانیا پێش ناوه‌ڕاستی حه‌فتاكان كۆتایی به‌ بوونی سه‌ربازی خۆی له‌ باشووری ڕۆژهه‌ڵاتی ئاسیا و كه‌نداو عه‌ره‌بی ده‌هێنێت، ئه‌مه‌ش مه‌ترسی لای ئه‌مریكییه‌كان دروستكرد، چونكه‌ پابه‌ند بوونی نوێ بۆ ئه‌مریكا زیاد ده‌بوو، له‌كاتێكدا به‌رپرسیارێتیه‌كانی له‌ ڤێتنام و باشووری ڕۆژهه‌ڵاتی ئاسیا فشارێكی زۆریان له‌سه‌ر هێزه‌كانی ئه‌مریكا دروست كردبوو (سليم و محمد، ٢٠١٨ : ٦٣)، هه‌ربۆیه‌ ئه‌مریكا له‌ 11ی ئایاری 1967 له‌سه‌ر زاری ڕوسكه‌وه‌ له‌ ڕێگه‌ی ناردنی ته‌لیگرامێكه‌وه‌ وه‌ڵامی جۆرج براونی دایه‌وه‌و تێیدا نووسیبووی "بڕیاری حكومه‌ته‌كه‌تان بۆ كشانه‌وه‌ی ته‌واوه‌تی له‌ ناوچه‌كه‌ به‌ر له‌ ناوه‌ڕاستی حه‌فتاكان، ده‌رهاوێشته‌ی نه‌رێنی له‌سه‌ر هه‌موو ئاراسته‌كاندا ده‌بێت، چونكه‌ زنجیره‌یه‌ک كاردانه‌وه‌ی لێده‌كه‌وێته‌وه‌ كه‌ كاریگه‌ری له‌سه‌ر ناوچه‌كه‌ ده‌بێت"(Fain, 2008 : 162 - 163)، هه‌روه‌ها كاریگه‌ری له‌سه‌ر بنه‌ماكانی سیاسه‌تی ده‌ره‌وه‌ی ئه‌مریكا له‌ دوای جه‌نگی دووه‌می جیهانییه‌وه‌ ده‌بێت، هه‌ربۆیه‌ بۆ حكومه‌ته‌كه‌تان گرنگه‌ به‌ ته‌واوی ئاگاداری ده‌رهاوێشته‌كان و مه‌ترسییه‌كانی بڕیارێكی له‌م جۆره‌ بێت، چونكه‌ كشانه‌وه‌ی به‌ریتانیا ده‌بێته‌ كاره‌سات بۆ ئه‌مریكا، دواتر ئه‌گه‌ر هێزه‌كانی ئه‌وروپا له‌ ناوچه‌كانی له‌ جیهان بكشێنه‌وه‌و ئه‌مریكا به‌ ته‌نیا جێبهێڵێن بۆ ئه‌وه‌ی بارگرانی گه‌وره‌ی به‌رگریكردن له‌ ئه‌وروپا هه‌ڵبگرێت، ئه‌وا ڕه‌نگه‌ فشاره‌ ناوخۆییه‌كانی ئه‌مریكا پاڵ بنێت بۆ كشانه‌وه‌مان له‌ ئه‌وروپا، له‌به‌رامبه‌ردا حكومه‌تی به‌ریتانیا پێشبینی ئه‌و وه‌ڵامه‌ تونده‌ی له‌لایه‌نی ئه‌مریكی نه‌كردبوو ده‌رباره‌ی بڕیاری كشانه‌وه‌ی له‌ ناوچه‌كه‌ (Fain, 2008 : 162 - 163) .

جێگای ئاماژه‌یه‌ له‌سه‌ره‌تای ڕاگه‌یاندنی نیازی كشانه‌وه‌ی هێزه‌كانی به‌ریتانیا له‌ ناوچه‌ی كه‌نداو، ئه‌مریكا زۆر هه‌وڵیدا كه‌ به‌ریتانیا له‌م بڕیاره‌ی پاشگه‌ز بكاته‌وه‌ (Kelley, 2020 : 23)، هه‌روه‌ها له‌سه‌روبه‌ندی ڕاگه‌یاندنی بڕیاری كشانه‌وه‌ی هێزه‌كانی به‌ریتانیا له‌ ناوچه‌كه‌ له‌ 11ی كانوونی دووه‌می 1968 جۆرج براون وه‌زیری ده‌ره‌وه‌ی به‌ریتانیا به‌سه‌ردانێك گه‌یشته‌ واشنتۆن و له‌گه‌ڵ دین راسكی وه‌زیری ده‌ره‌وه‌ی ئه‌و وڵاته‌ كۆبوویه‌وه‌، كه‌ ته‌وه‌ری سه‌ره‌كی كۆبوونه‌وه‌كه‌یان گفتوگۆكردن بوو ده‌رباره‌ی بڕیاری كشانه‌وه‌ی هێزه‌كانی به‌ریتانیا له‌ كه‌نداو، هه‌روه‌ها وه‌زیری ده‌ره‌وه‌ی ئه‌مریكا داوای له‌ هاوتا به‌ریتانیه‌كه‌ی كرد كه‌ كشانه‌وه‌ی هێزه‌كانیان بۆ ماوه‌یک دوا بخه‌ن و په‌له‌ نه‌كه‌ن له‌ بڕیاری كشانه‌وه‌، به‌ڵام هاوتا به‌ریتانیه‌كه‌ی ڕایگه‌یاند كه‌ بڕیاری كشانه‌وه‌ی هێزه‌كانیان له‌ كه‌نداو بڕیاری كۆتایی وڵاته‌كه‌یه‌تی و هیچ په‌شیمان بوونه‌وه‌یه‌ك و دواخستنێك له‌ ئارادا نیه‌ (ناطق محمد، 2012 : 101 – 102) ، سه‌ره‌ڕای ئه‌وه‌ی ئیداره‌ی ئه‌مریكی هه‌وڵی زۆریدا حكومه‌تی به‌ریتانیا ڕازی بكات كه‌ به‌ بڕیاره‌كه‌یدا پێچه‌وه‌و هێزه‌ سه‌ربازییه‌كانی

لە ناوچەی کەنداوی عەرەبی بهێڵێتەوە، لە بەرامبەردا بەڵێنی هاوکاری دارایی بە حکومەتی بەریتانیادا بەمەبەستی چارەسەرکردنی قەیرانە ئابوورییەکەی (محمد، 2004 : 112)، بەڵام لەم هەوڵەیدا سەرکەوتوو نەبوو (سلیم و محمد، 2018 : 63)، هەروەها ئیدارەی ئەمریکی کشانەوەی بەریتانیای لەناوچەکە بە لاوازبوونی ستراتیژی ئەمریکا لەقەڵەمدا، چونکە ئەمریکا ناوچەی کەنداو عەرەبی بەیەکەم هێڵی ئەمنی بۆ بەرژەوەندییەکانی لە بەرامبەر زیادبوونی هەژموونی سۆڤیەت لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دادەنا (محمد، 2004 : 112)، لە هەمان کاتدا ئیدارەی ئەمریکا ئامادە نەبوو ئامادەیی سەربازی لە ناوچەکەدا هەبێت(الربيعي، 2012 : 185) .

سەرەڕای ئەم هەوڵانەش، بەریتانیا بڕیاری کشانەوەی هێزەکانی لە ڕۆژهەڵاتی سوێس لە کانوونی دووەمی ١٩٦٨دا ڕاگەیاندن، کە ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر دەسەڵاتدارنی واشنتۆن دروستکرد، چونکە پلاندارێژەرانی ستراتیجی ئەمریکی هەمیشە پشتیان بە بەریتانیا بەستبوو بۆ ئەوەی ڕۆڵی پارێزگاریکردن لە بەرژەوەندییەکانی ڕۆژئاوا لە ناوچەییەکی ستراتیجی وەک کەنداو بگێڕێت (الصباغ، 2007 : 21 ؛ العيدروس، 1985 : 380)، هەروەها ئەمریکا ڕووبەڕووی کێشەی ئاسایشی نەتەوەیی بوویەوە، لەگەڵ مەترسی هاتنە ناوەوەی دەوڵەتە لاوازەکانی کەنداو، یاخود لە ڕێگەی بزووتنەوە ناسیۆنالیستییە عەرەبییەکان، ئەمە سەرەڕای زیادبوونی دەستێوەردانە ڕاستەوخۆکانی یەکێتی سۆڤیەت، لەم ڕوانگەیەوە ئێران بەردی بناغەی پلانەکانی ئەمریکا بوو، هەربۆیە ئەمریکا کاری لەسەر لێکنزیکردنەوەی ئێران و سعودیە و هاریکاری کردنی نێوانیان کردووە، هەرچەندە ئێران هاوبەشێکی بەهێزتر بوو بۆ ئەمریکا، بەڵام هاوکاریی نێوان سعودیە و ئێران لەم قۆناغەدا لە ڕوانگەی سیاسی و جوگرافییەوە پێویستییەکی حەتمی بوو بۆ ناوچەکەو بۆ ئەمریکاش( F. R. U. S., 1964 – 1968, Vol XXII, Iran, Doc 275. March 30, 1968 : 493) .

چەند ڕۆژێک دواتر جۆرج براون وەزیری دەرەوەی بەریتانیا گەشتێکی بۆ ئەمریکا ئەنجامدا بۆ ئەوەی حکومەتی ئەمریکا لە پلانی کشانەوەی بەریتانیا ئاگاداربکاتەوە ، لەبەرامبەردا ئەمەریکا هەمان هەڵوێستی پێشووی خۆی دووپاتکردەوە، لە هەمان کاتدا ئەم هەڵوێستەی بەریتانیا، بووە هۆی ئەوەی کەوا ئەمریکا توڕەبکات و هەروەها بە ناپاک لە قەڵەمی بدات، لەگەڵ ئەوەشدا بەڕوونی ئەوەی خستەڕوو کە ئەو بڕیارە بڕیارێکی بێزارکەرانەیە بۆ دەسەڵاتدارانی واشنتۆن، لەلایەکی دیکەوە ڕۆبەرت مەکنامارا وەزیری بەرگری ئەمریکا نیگەرانی خۆی سەبارەت بە کۆتایی هاتنی ئەو پێگە تایبەتەی کە بەریتانیا بۆ سەدان ساڵ لە کەنداودا هەیبووە دەربڕی، هەروەها ئەوەشی نەشاردەوە کە "بەدڵنیاییەوە هەست بە ئەگەری ئەوە دەکات کە کشانەوەی بەریتانیا بۆشاییەکی مەترسیداری هێز لەناوچەی کەنداو بەجێدەهێڵێت (سلیم و محمد، 2018 : 63)، چونکە حکومەتی ئەمریکا لەوکاتەدا سەرقاڵی جەنگی ڤێتنام بوو و هێزەکانیشی لە ناوچەکانی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا بوون (کلير، 1980 : 273)، هەربۆیە لە توانایدانیە ئەو بۆشاییە پڕبکاتەوە"، هەربۆیە دین ڕاسک دووبارە داوای لە حکومەتی بەریتانیا کرد کە بە بڕیارەکەیدا بچێتەوە بۆ کشانەوەی تەواوەتی لە ناوچەی کەنداو، لەبری ئەوە بوونی سەربازی خۆی لەم ناوچەیە کەم بکاتەوە (سلیم و محمد، 2018 : 63) .

ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا خۆی بە میراتگری بەریتانیا دەزانی لە ناوچەی کەنداو، بەڵام لەو سەردەمەدا (واتا لە ساڵی 1968 و دواتر) هەڵومەرج لە بارنەبوو بۆ ئەمریکا تاوەکو بتوانێت شوێنی بە تاڵی بەریتانیا لە کەنداو پڕبکاتەوە، هەر بۆیە ئەمریکا چاوی بڕیبووە دوو وڵاتی گەورەی ناوچەکە کە هەردووکیان هاوپەیمانی ستراتیجی بوون ئەوانیش هەر يەك لە ئێران و سعودیە بوون کە ئەم بۆشاییە پڕ بکەنەوەو ئەو بارگرانییانە بگرنە ئەستۆی خۆیان، هەرچەندە بوونی بەریتانیا بۆ ماوەیەکی درێژ لە ناوچەکە یارمەتیدەر بووە بۆ سەقامگیری ناوچەکە، بەڵام لەو کاتەدا هەموو وڵاتانی دەوروبەر چاوەڕوانی کشانەوەی بەریتانیا بوون بۆ گەیشتن بە خەونەکانیان (الفارس، 2007 : 77) .

هەر لە دوای ڕاگەیاندنی بڕیاری کشانەوەی بەریتانیا، وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا ڕایگەیاند کە ئەمریکا ئامادە نیە ئەو بۆشاییە پڕبکاتەوە کە لە ئەنجامی کشانەوەی بەریتانیا سەرهەڵدەدات (مراد ، 1982 : 18) ، هەروەها بەنیازیش نینە ئەو بۆشاییە پڕبکەنەوە، چونکە لە جەنگ دایە لە ڤێتنام، کە ببووە هۆی شەرمەزاربوونیان لەبەردەم ڕای گشتی ئەمریکا و کۆنگرێس، ئەمەش وای لە ئەمریکا کردبوو ڕاستەوخۆ ڕۆڵی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی لە کەنداودا پرسێکی قورس بێت، هەربۆیە بیریان لە دەستێوەردان بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ کردەوە، ئەوەبوو لە ١٩ی کانوونی دووەمی ١٩٦٨ کاردانەوەی ئەمریکا لەسەر زاری (یوجین ڕۆستۆ) (سعودي، 1983 : 146) ، جێگری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بۆ کاروباری سیاسی لەمیانەی چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ ڕادیۆی دەنگی ئەمریکا ئەوەی ڕاگەیاند: "کە ئەو بڕیارە بۆ ئەمریکا شۆک بوو و ڕایگەیاند کە بەرپرسیارێتی کێشەی بۆشایی ئەمنی دەکەوێتە ئەستۆی هێزە سیاسیە سەرەکییەکانی ناوچەکە و ئەوانیش ئەو بەرپرسیارێتیە دەگرنە ئەستۆی خۆیان، هەربۆیە پێشنیاری پێکهێنانی هاوپەیمانێتیەکی بەرگری هەرێمیان کرد لە (ئێران، سعودیە، کوێت، پاکستان و تورکیا)، بەڵام ئەم پڕۆژەیەی ئەمریکا شکستیهێنا،

چونکە لەلایەن زۆربەی وڵاتانی ناوچەکە بیرۆکەی هاوپەیمانێتیان ڕەتکردەوەو قبول نەکرا (شریف، 2006 : 76 – 77 ؛ ناطق محمد، 2012 : 103 – 104) .

شایەنی باسە ئەمریکا هەر لە جەنگی یەکەمی جیهانیەوە (١٩١٤-١٩١٨)، ڕۆڵی بەرگریکردنی لە بەرژەوەندییەکانی (جیهانی ئازاد)ی گرتۆتە ئەستۆ، هەروەها ئەمریکا و هاوپەیمانە ڕۆژئاواییەکانی، لەگەڵ ژاپۆن بەرژەوەندیان لە کەنداودا هەبوو، بەڵام لە هەمان کاتدا ئەمریکییەکان هەرگیز نەیانویستووە لە ڕووی سەربازییەوە لە ناوچەی کەنداوی عەرەبی بوونیان هەبێت(شهاب، 1994 : 27)، بەڵام ئەوەی مەترسی ئەمریکای زیاتر کرد جوولە خێراکانی سۆڤیەت بوو بەرەو ناوچەکە و هەوڵەکانی سۆڤیەت کە بەدوژمنی سەرەکی ئەمریکییەکان دادەنرا لەو کاتەدا بۆئەوەی هەژموونی بەسەر ناوچەکەدا هەبێت و بتوانێت بیخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆی، لەگەڵ بەدەستهێنانی ئیمتیازاتەکان لەم ناوچە دەوڵەمەندەدا، هەروەها پەیوەندییەکانی سۆڤیەت و ئێران ڕوویان لە باشی کردبوو و سیاسەتی سۆڤیەت بەرامبەر ئێران نەرمتر بوو(F. R. U. S., 1964 – 1968, Vol XXII, Iran, Doc 162. July 26, 1966 : 297)، بەمجۆرە ئێران بەشێوەیەکی فەرمی بەڵێنی بە سۆڤیەتدا کەوا بنکەی ئەتۆمی لەسەر خاکی ئێران دابمەزرێنێت، لێرەوە ئەمریکا هەستی بە مەترسی دۆخەکە کرد، هەربۆیە هەوڵیدا چارەسەرێکی گونجاو بۆ ئەم ڕەوشە بدۆزیتەوە بەمەبەستی پاراستنی بەرژوەندییەکانی و بێ زیان گەیاندن و وروژاندنی هەستی نەتەوەکانی ناوچەکە، بەمجۆرە دبلۆماسیەتی ئەمریکی دەستی بەچالاکییەکانی کرد لە ناوچەکەداو هەوڵیشیدا هەموو خواست و داواکارییەکانی سەرکردەکانی کەنداوی عەرەبی دابین بکات، لە کۆتاییدا ئەمریکا شێوازی دەستێوەردانی ناڕاستەوخۆی بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ناوچەکەدا گرتەبەر (الطناجي، 2005 : 72 – 73) .

بەهەرحاڵ ئەمریکا هەوڵیدا فشار بخاتە سەر بەریتانیا بۆ ئەوەی بەردەوام بێت لە ڕۆڵی خۆی لە ڕۆژهەڵاتی سوێس، بەڵام لەم هەوڵەیدا دیسان سەرکەوتوو نەبوو، چونکە حکومەتی بەریتانیا گرنگی زیاتری بە سیاسەتی ناوخۆیدا( ال سعود، 2006 : 47)، ئەم بڕیارەی بەریتانیاش ڕاستەوخۆ ڕەنگدانەوەی لەسەر سیاسەتی ئەمریکا لە ناوچەی کەنداو و لەسەر پەیوەندییەکانی نێوان حکومەتی ئەمریکا و ئێران هەبوو، کە ئەمەش پێویستی بە دیاریکردنی سروشتی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لە ناوچەی کەنداوی عەرەبی بە گشتی هەبوو، لەگەڵ بەرەوپێشچوونی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئێران بەتایبەتی لەم قۆناغەدا، بەو پێیەی کە ئەم بڕیارە دەرفەتێکی زێڕینی بە ئێران دا بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەی کە بەریتانیا لەدوای خۆی لەم ناوچە گرنگەدا بەجێی دەهێڵێت، هەروەک هاوپەیمانە سیاسییەکانی ئەمریکا پشتیان بە سەرچاوە نەوتییەکانی ناوچەی کەنداوی بەستبوو (جواد، 2007 : 98 – 99 ؛ سلطان و محمد، 1999 : 19)، بەو پێیەی ناوچەی کەنداو نزیکەی (55%)ی نەوتی بۆ ئەوروپای ڕۆژئاوا دابین کرد، هەروەها لە (90%) بۆ ژاپۆن، و لە (89%)ی ئەو نەوتەی هێزەکانی ئەمریکا لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا بەکاریان دەهێنا ( F.R.U.S., 1969 – 1976, Vol E 4, Iran and Iraq, 1969 – 1972, Doc 1 –791 ; October 22, 1969 .)، ئەمە جگە لە بوونی نزیکەی (١٢) هەزار هاوڵاتی ئەمریکی کە لەم ناوچەیەدا کاریان دەکرد، بەڵام سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر کەنداوی عەرەبی کاریگەری زۆری تێوەگلانی کێشەی ڤێتنامی لەسەربوو، چونکە ڕووداوەکانی ئەم جەنگە برینێکی قووڵی لە کۆمەڵگەی ئەمریکادا دروستکردبوو، لەبەرئەوەی کۆمەڵگای ئەمریکی لە مێژووی خۆیدا جگە لە سەرکەوتن هیچی دیکەی نەدەزانی، بەڵام لەبەردەم گەلێکی بچووکدا کە هیچ شتێکیان نەبوو جگە لە گیانی بەرەنگاربوونەوەو پێداگیری لە بەرگریکردن لە وڵاتەکەیان دەستەوەسان و بێدەسەڵات بوون (جواد، ٢٠٠٧ : ٩٩) .

شایەنی باسە ئەوەی ڕەوشەکەی بۆ ئەمریکا زیاتر ئاڵۆز کرد، هەر لەدوای ڕاگەیاندنی بەریتانیا ڕاستەوخۆ دەرکەوتنی کەشتی گەلی سۆڤیەت لە زەریای هیندبا بەدوای خۆیدا هێنا، هەربۆیە هاتنی ئەم کەشتییە جەنگییانەی سۆڤیەت نیشانەیەکی ڕوون بوو بۆ پەرەسەندن و کاریگەریی سۆڤیەت لە ناوچەیەکەدا کە بیری نەتەوەیی دژە بە ڕۆژئاوا زاڵ بوو (بالمر، ١٩٨٩ : ٩٥) .

لەلایەکی دیکەوە پرسی ئەمنی یەکێک لەو پرسە سیاسی و هەستیارانە بوو کە بە خێرایی دوای کشانەوەی هێزەکانی بەریتانیا لە کەنداو لە ساڵی ١٩٧١ سەریهەڵدا، سەبارەت بە پرسی دووەم ئەمەشیان بە هەمان شێوەی پرسی یەکەم بە خێرایی و بە بەپەلە هاتە پێشەوە، کە پەیوەست بوو بە توانای دەوڵەتە بچووکەکانی بەرهەمهێنی نەوتەوە بۆ هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی و بنیاتنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆیی پێشکەوتوو، لەبەرئەوەی ئەم وڵاتانە دوای ١٩٧١ سەربەخۆییان بە دەستهێنابوو، هەربۆیە لە ڕووی سیاسی و ئەمنییەوە ئامادەی ئەم سەربەخۆییە لەناکاوە نەبوون، چونکە هیچ ئەزموون و شارەزایی پێشوویان لە مامەڵەکردن لەگەڵ جیهانی دەرەوەدا نەبوو، هەروەها بەر لە ساڵی ١٩٧١دا، نەیانتوانی بوو ئەو دامەزراوە ناوخۆییانەی کە پێویست بوون بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو بەرپرسیارێتی و ئەرکانەی کە بە دەوڵەتە سەربەخۆکان سپێردراون بنیاد بنێن، هەربۆیە لەسەر ئەم وڵاتانە پێویست بوو کەوا لەسەرەتاوە دەست بەدامەزراندنی دامەزراوەکانیان بکەن بەمەبەستی خۆ ئامادەکردن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئاستەنگە ناوخۆیی و دەرەکییەکان کە ڕاستەوخۆ کاریگەرییان لەسەر ئاسایشی ناوچەکەیان هەبوو، بۆ مانەوەو بەردەوامی بوونیان وەک کیانێکی سیاسی لە چوارچێوەی سیستەمێکی ناوچەیی پڕ دژواریدا (عبدالله، ٢٠٠٦ : ١٤٨) .

محەمەد رەزا شا لە حوزەیرانی ساڵی ١٩٦٨ بە سەردانێکی تایبەت سەردانی واشنتۆنی کردو لەوە تێگەیشت کە کۆنگرێسی ئەمریکی زۆر بە توندی بەرەنگاری ئەو رێککەوتنانەی کە بەر ساڵێک ئەنجامدرابوون بووەتەوە، بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی ئەو گرنگییە زۆرەی کە ئەمریکا بۆ یارمەتیدانی بنیادنانی بەرگرییەکانی ئێرانی دابووی، ئاسانکاری بۆ پرۆسەی وەرگرتنی فرۆکەی جۆری فانتۆم بۆ ئێران کرد، جگە لەوەی شا بەڵێنی بەدەستهێنانی پشتیوانی زیاتری وەرگرت لە ئەمریکا، هەربۆیە لە بەیاننامە هاوبەشەکەیاندا کە لە ١٢ی حوزەیران بڵاوکرایەوە، شای ئێران ئەوەی دووپاتکردەوە کە وڵاتەکەی ئیرادەیەکی بەهێزی بۆ دامەزراندنی هێزێکی بەرگری پێشکەوتوو و گونجاو بۆ بەرزکردنەوەی ئاسایشی نەتەوەیی وڵاتەکەی هەیە، لە بەرامبەردا جۆنسۆن خواستی ئەمریکای بۆ درێژەدان بە هاوکاری لەگەڵ ئێران بۆ گەیشتن بەم ئامانجە نیشاندا ( F.R.U.S., 1964-1968, Vol XXII, Iran, Doc293. 1968 : 524-525 ; Doc 294. June 12, 1968 : 525 ;  Doc 295.  June 12, 1968 : 527-528.) .

شایەنی باشە دوای ئەو هەموو رووداو و پێشهاتانە سەرەنجام ئەمریکا گەیشتە ئەو بروایەی کە ئێران لەسەرجەم وڵاتانی دیکەی کەنداو گونجاوترە بۆ ئەوەی شوێنی هێزەکانی بەریتانیا بگرێتەوە، لە هەمان کاتدا ئەمریکا ئەو ڕاستیەی بۆ ڕوون ببوویەوە کە ئێران خاوەن هێزێکی گەورەی سەربازیە، هەروەها سنوورێکی جوگرافی درێژو فراوانی لەسەر کەنداوهەیە (محمد پور، 1385ه. ش : 26)، بێجگە لەمەش ئەمریکا پێی وابوو کە ئەگەر بە زووترین کات ئەو بۆشاییە ئەمنیە پڕنەکرێتەوە کە بەریتانیا دوای کشانەوەی هێزەکانی بە جێی دەهێڵێت لە ناوچەکە لە ڕێگای توانا سەربازییەکانی ئێران کە ئەو کاتە زۆر بەهێز بوو لە کەنداو، ئەوا یەکێتی سۆڤیەتی دوژمنی سەرسەختی ئەمریکا و ڕۆژئاوا ئەو هەڵە دەقۆزێتەوەو خۆیان نزیك دەکەنەوە لە کەنداو، ئەگەر ئەمە لەلایەن سۆڤیەتەوە ڕاستەوخۆش نەبێت، بەڵکو ئەو لە ڕێگەی هاوپەیمانەکانی لە ناوچەکەدا ئەم کارە ئەنجام دەدات (ازعندي، ١٣٨٨ه. ش : 391) .

## 2-3- کاردانەوەی ئێران بەرامبەر بە بڕیاری کشانەوەی هێزەکانی بەریتانیا لە ڕۆژهەڵاتی سوێس و کەنداوی عەرەبی .

محەمەد ڕەزا شا ڕاستەوخۆ دوای بڕیاری کشانەوەی هێزەکانی بەریتانیا ڕایگەیاند کە "ئاسایشی ناوچەکە لە ڕێگای هێزەکانی ئێرانەوە دەپارێزرێت و ئاشتی فارسی جێگەی ئاشتی بەریتانی دەگرێتەوە لە ناوچەکە" (النداوي، 1986 : 45 – 46)، لە هەمان کاتدا شا پێشوازی لە بڕیاڕی کشانەوەی هێزەکانی بەریتانیا لە ناوچەی کەنداو کرد، ئەم کشانەوەیەشی بە دەستپێکی قۆناغێکی نوێ لە ناوچەکەدا وەسفکرد، سەرەڕایی ئەوەی ئەم بڕیارە وەک سەردەمێکی نوێ وابوو بۆ تواناکانی ئێران تاوەکو بتوانێت ڕۆڵێکی کاریگەر لە کەنداودا بگێڕێت(F.R.U.S., 1964-1968, Vol XXII, Iran, Doc 264, March 6, 1968 : 472)، هەروەها شا بەردەوام جەختی لەسەر گرنگی و ستراتیجی ناوچەی کەنداو بۆ ئێران دەکردەوە، هەربۆیە مەحاڵ بوو ڕێگە بە هیچ هێزێکی ناوچەکە بدات کە ئەو بۆشاییە ئەمنیە پڕبکاتەوە کە لە ئەنجامی کشانەوەی هێزەکانی بەریتانیا دێتە ئاراوە ، بۆ ئەوەی بەرژەوەندی وڵاتەکەی بپارێزێت (F.R.U.S., 1964-1968, Vol XXII, Iran, Doc 304, July 12, 1968 : 540)، ئەمەشی بەئاشکرا ڕاگەیاند و گوتی "کشانەوەی بەریتانیا لە کەنداوی عەرەبی بۆشایی ئەمنی بەدوای خۆیدا دەهێنێت، هەربۆیە شا بەپەلە ڕایگەیاند کە تەنها وڵاتەکەی مافی ئەوەی هەیە ئەو بۆشاییە پڕبکاتەوە کە لە ئەنجامی کشانەوەی بەریتانیاوە دێتە ئاراوە، هەروەها ئەوەشی ڕایگەیاند کە ئێران میراتگری ڕەوای بەرژەوەندییەکانی بەڕیتانیا و بەرژەوەندییەکانی ڕۆژئاوایە لە ناوچەی کەنداو، بە هۆی ئەوەی بە هێزترین وڵاتی هەرێمییە لە ڕووی سەربازی و ئابووری و توانای مرۆییەوە" (العبيدي، 2005 : 156)،بەمشێوەیە ڕۆڵی سەرەکی ئێران لە کەنداو لەسەر بنەمای بڕیاری بەریتانیا و دانپێدانانی ئەمریکا دەردەکەوێت، چونکە لەوکاتەدا ئێران لە هەردوو بواری سەبازی و ئابووری گەشەسەندنی خێرای بەخۆیەوە دیبوو، لەگەڵ پەیڕەوکردنی ئاراستەیەکی نوێ لە سیاسەتی دەرەوەیدا کە نزیکبوونەوەی لە جەمسەری ڕۆژهەڵات بوو، بەبێ ئەوەی زیان بە پەیوەندییەکانی لەگەڵ ڕۆژئاوا بگەیەنێت ال سعود، 2006 : 47) .

لە کاتێکدا شا لەلایەن خۆیەوە مەترسی و ئەگەری سەرهەڵدانی بارگرژییەکانی لە کەنداو نەشاردەوە، ئەویش لە دەرئەنجامی ڕووبەڕووبوونەوەی نێوان وڵاتانی گەورەی ناوچەکە بەتایبەتی (سعودیە - عێراق - ئێران) یاخود دروست بوونی نائارامی و بارگرژی ناوخۆیی، سەبارەت بە مەترسییەکانی پەیوەست بە فاکتەری یەکەم لە ئەنجامی بەرەوپێش چوونی پەیوەندییەکانی نێوان سعودیە و ئێراندا ڕەوی بوونەوە (کال ببۆوە)، بەڵام سەبارەت بە فاکتەری دووەم شای ئێران خۆی بەبەرپرسیار دەزانی لەبەرامبەر نەهێشتنی هەر پشێویەکی ناوخۆیی لە هەریەکێک لە وڵاتانی کەنداو سەرهەڵبدات، هەروەها ناوبراو پێی وابوو ڕوودانی هەر یاخیبوونێک لە هەریەکێک لەو وڵاتانەی کەنداو هەڕەشەیەکی جددی دەبێت بۆ سەر ئاسایشی و بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی ئێران (وهیب، 2010 : 201)

لەلایەکی دیکەوە ئامانجی شا سنووردارکردنی هەر هێزێکی دەرەکی بوو کە بیەوێت ڕۆڵێکی کاریگەر لە کەنداو بگێڕێت لە دوای کشانەوەی بەریتانیا، سەرەڕای کشانەوەی کۆماری یەکگرتووی عەرەبی لە یەمەن و شکستی میسر لە شەڕی حوزەیرانی ١٩٦٧، بەڵام

شای ئێران ئەوەی نەشاردەوەو بەردەوامیش ئەوەی دووپات دەکردەوە کە ناسیۆنالیستی عەرەبی بە هەڕەشەیەکی گەورە بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی ئێران دەزانێت، هەروەها ئاماژە بە هەڕەشەیەکی دیکەش کرد بۆ سەر خۆزستان هاوکات لەگەڵ دوورگە دەریاییەکان کە نزیکەی (75%)ی داهاتی ئێرانیان پێکدەهێنا، چونکە خۆزستان سەرچاوەیەکی سەرەکی گەشەسەندنی ئابووری بوو لە ئێران، جگە لەوەی ژمارەیەکی زۆری دانیشتوانی عەرەب نیشین بوون، هەربۆیە شا هەوڵی فراوانکردنی دەسەڵاتەکەیدا لە ناوچەکە (F.R.U.S, 1969-1976,Vol E-4, Iran and Iraq, 1969-1972, Doc1, January, 10, 1969 : 6-8-9)، پاشان شا نیازی خۆی بۆ کڕینی ڕێژەیەکی زۆر لە کەلوپەلی دەریایی و فرۆکەو مووشەک نیشاندا بۆ دابینکردن و پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی وڵاتەکەی (F.R.U.S., 1964-1968, Vol XXII, Iran, Doc 295, June 12, 1968 : 527) .

هەر لەو چوارچێوەیەشدا، ئەمیر عەباس هویدا، سەرۆک وەزیرانی ئێران لە میانەی گۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی لە ٢٧ی کانوونی دووەمی ١٩٦٨، سیاسەتی نوێی وڵاتەکەی ئاشکراکرد و جەختیشی لەوەکردەوە کە ئێران گەورەترین هێزە لە ناوچەکەدا، هەروەها بەم هۆیەوە گرنگییەکی زۆر بە سەقامگیری و ئاسایشی ناوچەی کەنداو دەدات، هەربۆیە لە پێناو جێبەجێکردنی ئەو ئامانجەش ئامادەیە هاریکاریی لەگەڵ وڵاتانی کەنار دەریا بکات بەتایبەت ئەو وڵاتانەی کە ئارەزووی ئەو ئامانجەیان هەیە، لەهەمان کاتدا جەختی لەوەشکردەوە کە ئەم هاریکارییە ئەو وڵاتانەی دەرەوەی ناوچەی کەنداو ناگرێتەوە و بەشدار نابن تیایدا، هەروەها ڕاشیگەیاند کە ئێران بە هەموو هێزو توانایەوە کار بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی دەکات و ڕێگەش بە هیچ هێزێکی دەرەکی نادات دەست لەکاروباری ناوچەکەدا وەربدات (الندواي، 1990 : 66)، هەروەها ئەمیر عەباس هویەدا ئامانجی سیاسی ئێرانی لە ناوچەی کەنداودا دیاریکردو گوتی: "ئێمە لەسەر دوو بنەمای سەرەکی سیاسەت لە ناوچەی کەنداودا دەکەین یەکەمیان: کەنداوی عەرەبی و دەریای عومان سنوورەکانی باشووری ئێمە پێکدەهێنن، دووەمیان ئەوەیە کە ئەوان (واتە کەنداوی عەرەبی و دەریای عومان) هێڵێک پێکدەهێنن کە لە ڕێگەیەوە ڕۆژانە پێنج ملیۆن بەرمیل لە نەوتی ئێران دەگوازرێنەوە" (الكبيسي، 1983 : 64)، هەروەها لە ساڵانی هەشتاکاندا ئەو ژمارەیە دەگاتە دە ملیۆن بەرمیل لە ساڵێکدا، هەروەها بەدڵنیایشەوە هیچ وڵاتێک تەنانەت ئێرانیش هیچ ئاستەنگێک ناخاتە بەردەم ئەو وڵاتانەی کە دەکەوێتە سەر کەنداوی عەرەبی سەبارەت بە کۆنترۆڵ کردنی ڕێگا دەریاییەکانیانی پەیوەست پێیان الكبيسي، 1983 : 64) .

دوای چەند ڕۆژێکی کەم یەکێک لە ڕۆژنامەکانی ئێرانی بڵاویکردەوە، ئەویش پاڵپشت بە وتەی بەرپرسانی وەزارەتی دەرەوە، کە حکومەتی ئێران دەستپێشخەری کردووە لە بانگهێشتکردنی هەر یەک لە (عێراق و سعودیە و کوێت) و هان دانیان بۆ پێکهێنانی ڕێککەوتنێکی هەرێمی، هەروەها ئامادەیی خۆی ڕاگەیاند بۆ هاوکاریکردن لەگەڵیان لە پاراستنی ئاسایش لە کەنداوی عەرەبی، بەڵام حکومەتی ئێران پێی وابوو کە چانسی سەرکەوتن بۆ هەر هاوپەیمانییەکی فەرمی ڕاستەقینە لە ناوچەکەدا کەم دەبێتەوە، ئەگەر هێزێکی سەربازی گەورەی نەبێت، هەربۆیە بۆ جێبەجێکردنی ئەو بیرۆکەیە سەرنجی لەسەر بنیاتنانی سەربازی خۆی بوو بۆ ئەوەی ببێتە یەکێک لە گەرەنتی کردنی بۆ دەستەبەرکردن و گەیشتن بە ئاسایشی وڵاتەکەی لە ناوچەکەدا، بەڵام بیرۆکەی هاوپەیمانییەکی هەرێمی کاڵ بوویەوە دوای هەڵوێستی دژ بەم بیرۆکەیە لەلایەن هەندێک وڵاتی عەرەبی لەوانە میسرو تۆمەتبارکردنی ئەمریکا بە پیلانگێری بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە بە گفتوگۆکردن لەسەر ڕێکخستنە ئەمنییەکان نەک تەنها لە ئێران و سعودیە، بەڵکو لە تورکیا و پاکستانیش (رمضاني، 1984 : 429 – 430)، جگە لە ڕەتکردنەوەی فەرمانڕەواکانی کەنداوی عەرەبی بۆ بەستنەوەی وڵاتەکانیان بە هاوپەیمانییەکەوە کە تیاییدا لایەنێکی بیانی ڕۆڵی سەرکردایەتی بگێڕێت (النداوي، 1986 : 70)، هەروەها بەشێک لە وڵاتانی کەنداو هەوڵەکانی حکومەتی ئێرانیان بۆ دامەزراندنی بەرەیەکی هەرێمی والێکدایەوە کە وەک هەوڵێکە بۆ بەدەستهێنان و ڕازی بوونی سەرەتایی یاخود ئامادەکردنی ئەو وڵاتانە بۆ ئەو هەوڵە سیاسی و سەربازییانەی حکومەتی ئێران لە ناوچەکەدا ئەنجامیان دەدات (ذبيح، بروين، 1990 : 14)، لە هەمان کاتدا لە ڕاگەیاندنی حکومەتی ئێرانی هاتبوو کە وڵاتەکەیان بەبێ پێویست بوونی بە ڕێکخراوێکی بەرگری هاوبەش، توانای پاراستنی ئاسایشی ناوچەکەی هەیە، لە بەرامبەر کوێت دژایەتی خۆی بۆ هەر هاوپەیمانییەکی پێشنیارکراوی ناوچەکە ڕاگەیاند (العیدروس، ١٩٨٥ : ٢٧٧)، جگە لەوەی کە لەو کاتەدا ئامادەکاری بۆ پێکهێنانی یەکێتیی کەنداو کرابوو کە لەنێویشیاندا بەحرێن، کە ڕێگری لە هەر جۆرە گەشەسەندنێکی کردەیی لە پرسی هاوکاری هەرێمیدا دەکرد (ال سعود، ٢٠٠٦ : ٣١) .

دەکرێ بڵێین بەم شێوەیە هەوڵەکانی دامەزراندنی ئەو هاوپەیمانییە شکستیهێنا، بە تایبەتی لەگەڵ خواستی حکومەتی ئێراندا بۆ باڵادەستی بەسەر ناوچەکەدا، جا ئەو باڵادەستیە چ لە چوارچێوەی هاوپەیمانییەکی بەشداربوودا یان بەشێوەیەکی تاکلایەنە بوویێت .

سەرەڕایی ئەوەی ئێران هەمیشە ئەوەی دووپاتی دەکردەوە ئەو هێزەی کە توانای پڕکردنەوەی ئەم بۆشاییەی هەیە کە بەریتانیا بەجێی هێشتووە تەنها ئێرانە، چونکە ئێران لەسەروبەندی کشانەوەی هێزەکانی بەریتانیا لە کەنداو خۆی پڕ چەك کردبوو، لە هەمان کاتدا ببوو بە خاوەن هێزێکی گەورەی سەربازی، هەروەها ئێران لەو سەردەمەدا ببوو بە خاوەن هێزێکی گەورەی ئابووریش، ئەمەش بە هۆی بەرزبوونەوەی نرخی نەوتەوە لەو کاتەدا (ال سعود، ٢٠٠٦ : ٣١) .

بەر لە کشانەوەی هێزەکانی بەریتانیا لە کەنداو بەرپرسانی ئەو وڵاتە بەردەوام سەردانی ئێرانیان دەکردو لە کۆبوونەوەکانیاندا لەگەڵ بەرپرسانی ئێران باسیان لەوە دەکرد کە دەبێت حکومەتی ئێران لەگەڵ وڵاتانی کەنداو هێزێکی هاوبەشی سەربازی یان هاوپەیمانیەتیەك پێکبهێنن بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە ئەمنیەی کە دروست دەبێت لە ئەنجامی کشانەوەی هێزەکانی بەریتانیا لە کەنداوی عەرەبیدا، لە بەرامبەردا حکومەتی ئێران پێکهێنانی هاوپەیمانیەتیەکی سیاسی لەگەڵ وڵاتانی کەنداو کە تیاییدا وڵاتانی وەك (سعودیە و عێراق) ئەندام بن تیاییدا ڕەتنەکردەوە، بەڵام پێکهێنانی هێزێکی هاوبەشی سەربازی لەگەڵ وڵاتانی کەنداو بەمەبەستی پارێزگاری کردن لە کەنداو ڕەتکردەوە (الزناد، ٢٠١٥ : ٩٣)

دەکرێ بڵێین سەردانە بەردەوامەکانی بەرپرسانی بەریتانیا بۆ ئێران بەر لە وادەی کشانەوەی هێزەکانیان لە کەنداو، ئەو ڕاستیە دووپات دەکاتەوە کە ئێران پێگەیەکی بە هێزی سیاسی و سەربازی هەیە لە کەنداو و هەر گۆڕانکاریەکی گەورە ڕووبدات لە ناوچەکە دەبێت پشکی شێری بەر ئێران بکەوێت .

هەر لەگەڵ ڕاگەیاندنی بڕیاری کشانەوەی بەریتانیا، داواکارییە هەرێمییەکانی ئێران لە ناوچەی کەنداو دەستپێکردو لەگەڵیشدا گرژییەکی بەرفراوان لە پەیوەندییەکانی ئێران لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی دروست بوو، بەهۆی داواکاری شا بۆ لکاندنی بەحرێن بە ئێرانەوە، سەرەڕای دژایەتی زۆرینەی ڕەهای دانیشتوانی بەحرێن بۆ ئەم داواکارییەی شا، لە هەمان کاتدا داوای ئەو دورگانەشی کرد کە دەکەونە سەر کەنداو، بەبیانووی مەترسی دەست بەسەرداگرتنی گەرووی هورمز لەلایەن هێزەکانی دوژمن و گەیشتنیان بە کەنداو، هەربۆیە شا لەکاتی گفتوگۆکانی لەگەڵ بەریتانیەکاندا، مافی خۆی لەسەر ئەم شوینانە دووپاتکردەوە ( F.R.U.S., 1969 – 1972, Vol E – 4, Iran and Iraq, 1969 – 1972, Doc 1. National Intelliigence Estimate 34 – 69, January 10, 1969 : 9) .

بێجگە لە مەترسییەکانی وڵاتانی کەنداو بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی ئێران، مەترسییەکی گەورەتری دیکەش لە ئارادابوو بۆ ئێران ئەویش یەکێتی سۆڤیەت بوو کە دەیتوانی ئەو بۆشاییە ئەمنیەی بەریتانیا پڕ بکاتەوە لە کەنداو، هەروەها ببێتە هەڕەشەش بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی ئێران و ئەمریکا و وڵاتانی ڕۆژئاوا ، هەر بۆیە ئێران زۆر پێداگر بوو لەسەر ئەوەی کە وڵاتەکەی دەتوانێت ببێتە جێگرەوەی هێزەکانی بەریتانیا لە کەنداو (مراد، 1982 : 18 ؛ قاسم، 1997 : 15) .

دەکرێ بڵێین ئێران بەردەوام داوای دەکرد کە جێگرەوەی هێزەکانی بەریتانیا بێت لە کەنداو، چونکە توانا سەربازییەکانی ئەوەندە بە هێز ببوون لە ناوچەکە لە توانایدا هەبوو ڕووبەڕووی هەر مەترسی و هەڕەشەیەک ببێتەوە ئەگەر لەلایەن وڵاتانی عەرەبی لە کەنداو بە تایبەتی (سعودیە و عێراق) لە دژی ئەنجام بدرێت، هەربۆیە شا هەردەم ئەوەی دووبارە دەکردەوە کە ئاسایش و بەرقەرارکردنی ناوچەکە لە ئەستۆیی هێزەکانی ئێراندایە لە دوای کشانەوەی بەریتانیا .

**3 -3- کاردانەوەی هەریەک لە سعودیەو کوێت و میرنشینەکانی کەنداوی عەرەبی .**

کاردانەوەکانی هەریەک لە سعودیەو کوێت و میرنشینەکانی کەنداوی عەرەبی سەبارەت بە کشانەوەی هێزەکانی بەریتانیا لە ناوچەکە جیاوازبوو، هەروەها ڕاگەیاندنی کشانەوەی بەریتانیا بۆ ئەو وڵاتانە شتێکی چاوەڕوان نەکراوبوو، چونکە بوونی بەریتانیا فاکتەرێکی گرنگ بوو بۆ پاراستنی ئاسایش و سەقامگیری لە ناوچەکەدا، هەربۆیە ئەم بڕیارە خێرایەی بەریتانیا ئەم وڵاتانەی تووشی شۆککرد، لەبەرئەوەی بەریتانیا گرنگییەکی زۆری بە کەنداو دەدا وەک بنکەییەکی سەرەکی خۆی لە ڕۆژهەڵاتی سوێس، تەنانەت ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان پلانی کشانەوەشیان هەبێت، بەم خێراییە ڕوونادات، جگە لەمانەش ئەو پلانانەی لەو ماوەیەدا لەلایەن بەریتانیا ڕاگەیەندرا دژی هەر جۆرە کشانەوەیەک بوون لە نیمچە دوورگەی عەرەبی و کەنداوی عەرەبی، هەروەها کاتێک هارۆڵد واتکینسۆن (Harold Watkinson) وەزیری بەرگری بەریتانیا لە ساڵی ١٩٦١ ڕایگەیاند کە هیچ پلانێکیان نییە بۆ کشانەوەی هێزەکانی بەریتانیا لە شوێنە ستراتیژیی و گرنگەکانی وەک نیمچە دوورگەی عەرەبی و کەنداو، بەڵام ڕاگەیاندنی کشانەوەو ئەو گفتوگۆیانەی دەربارەی ئەنجامدران، بووە هۆی ئەوەی وڵاتانی کەنداوی عەرەبی بیر لە داهاتوو و پەیوەندییەکانیان لەگەڵ بەریتانیا بکەنەوە، لە هەمان کاتدا ئەوەیان بۆ ڕوون بوویەوە کەوا کشانەوەی هێزەکانی بەریتانیا لە ناوچەکە زوو یاخود درەنگ هەر ڕوو دەدات، هەربۆیە ئەم وڵاتانە دەستیان بەجوولەکانیان کرد بۆ ئەوەی بەریتانیا لەبڕیاری کشانەوە پاشگەزبکەنەوە یاخود بۆ ماوەیەکی دیکە کشانەوەکەیان دوابخات تاکو بتوانن کاروباری خۆیان ڕێکبخەن (الحاج، 1992 : 154) .

**4-3 کاردانەوەی شانشینی عەرەبی سعودی.**

کاردانەوەی شانشینی عەرەبی سعودی لە دوو لایەوە سەرچاوەی گرتبوو، یەکەمیان نیگەران بوو لە دەرهاوێشتەکانی ڕاگەیاندنی کشانەوەی بەریتانیا بەهۆی فراوانبوونی شەپۆڵی شۆڕشگێڕی عەرەبی لە ناوچەکە و گەشەسەندن و زیادبوونی هەژموونی سۆڤیەت بەهۆی ئەو بۆشاییەی کە لە دەرەنجامی کشانەوەی بەریتانیا دروست دەبێت، دووەمیان، ئەگەر هێزە عەرەبییەکان بە پشتیوانی میسر، بتوانن حوکمڕانی لە باشووری یەمەن بکەن (السامرائی، 2004 : 78 -79)، ئەوا مەترسییەکی ڕوون بوو بۆ سەر ئاسایشی نیشتیمانی وڵاتەکەی و هەروەها مەترسیش بوو بۆ سەر سنووره فراوانەکەی، لە هەمان کاتدا هەڕەشەیەکی ڕاستەوخۆی سەر ڕژێمی سیاسیی بوو لە سعودیە، ئەمە جگە لە چاوتێبڕینەکانی شای ئێران بۆ درێژبوونەوە بەسەر کەنارەکانی ڕۆژئاوای کەنداوی عەرەبی (علاوی و أحمد، 2022 : 307 ؛ الجنابي، 2017 : 87) .

دوای ئەوەی شای سعودیە فەیسەڵی کوڕی عەبدولعەزیز (أحمد، 2016 : 19) لەگەڵ هارۆڵد ویلسۆن سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا کۆبوویەوەو ئەوەی پێی ڕاگەیاند کە بڕیاری کشانەوەی بەریتانیا کاریگەری نەرێنی لەسەر سەقامگیری ناوچەکە دەبێت، ئەمەش لە ئەنجامی ئەو مەترسیانەی لەسەر ئاستی ناوخۆو دەرەوە ڕووبەڕووی ناوچەکە دەبێتەوە، هەربۆیە شای سعودیە داوای مانەوەی هێزەکانی بەریتانیای بەمەبەستی پاراستنی ناوچەکە کرد ئەگەر بۆ ماوەیەکی دیکراویش بێت تاوەکو وڵاتانی کەنداو دەتوانن هێزی خۆیان بنیات بنێت، چونکە لەو کاتەدا وڵاتی سعودیە هێشتا هێزێکی تازە پێگەیشتوو بوو لە ڕووی بنیادنانی سیستەمی نوێی بەرگری ئاسمانی بۆ بەرگرکردن لە وڵاتەکەی(حمد، 2014 : 65) .

جێگای ئاماژەیە حکومەتی سعودیە لەسەرەتادا دژایەتییەکی ئاشکرای بەرامبەر بەردەوامی بوونی هێزەکانی بەریتانیا لە ناوچەکەدا دەرنەبڕی (سلمان و التميمي، 2015 : 268)، بەڵام دوای هاتنە سەر دەسەڵاتی پارتی پارێزگاران لە ساڵی ١٩٧٠ ڕەوشەکە بۆ دوابەدوای ئەوەی سعودیە مەترسییەکانی کەمبۆوە کەوا ئێران بەرژەوەندییەکانی بخاتە مەترسی، بۆیە هەڵوێستی سعودیە بە ئاراستەیەکی دیکە گۆڕا و ئەمجارەیان سعودیە پێشوازی لە بڕیاری کشانەوەی هێزەکانی بەریتانیا کردو ئامادەنەبوو پرۆسەی کشانەوەکە دوابخرێت یاخود ڕابگرێت ، لە هەمان کاتدا دژایەتی خۆیشی بۆ بەردەوامی بوونی بەریتانیا لە ناوچەکەدا دووپاتکردەوەو ئاسانکاریشی کرد بۆ پرۆسەی کشانەوەکە، هەربۆیە هەماهەنگی لەگەڵ هەریەک لە ئێران و کوێتدا کرد بۆ کارکردن لەپێناو سەقامگیری و بەرقەراربوونی ئاسایشی ناوچەکە دوای پرۆسەی کشانەوەکە (الزيانی، 1994 : 212) .

### 5-3 کاردانەوەی کوێت.

سەبارەت بە هەڵوێستی کوێت بەرامبەر بڕیاری کشانەوەی بەریتانیا لە ناوچەی کەنداوی عەرەبی وەکو شۆکێک بوو بۆ کوێت، لەسەرەتادا دژایەتی خۆی بۆ ئەم بڕیارە ڕاگەیاندن و هەوڵیدا بەریتانیا ڕازی بکات کەوا هێزە سەربازییەکانی لە ناوچەی کەنداو بهێڵێتەوە(AL – Mubarak, 1976 : 42)، بەڵام دوای ئەوەی حکومەتی بەریتانیا هەوڵی ڕاگرتن و دواخستنی بڕیاری کشانەوەکەیدا، هەربۆیە حکومەتی کوێت داوای لە حکومەتی بەریتانیا کرد کەوا ڕێز لە بڕیارەکەی خۆیان بگرن سەبارەت بە کشانەوەیان لە ناوچەی کەنداو لەبەرواری دیکراو، ئەم هەڵوێستەی کوێت لەلایەن سوباح ئەلئەحمەد ئالسوباح (الكيالي، ج(3)، د.ت : 550) وەزیری دەرەوە ڕوونکرایەوە، کاتێک ئەوەی ڕایگەیاند کە "کوێت مانەوەی هێزەکانی بەریتانیا لە ناوچەی کەنداو ڕەتدەکاتەوە"، هەروەها ڕایگەیاند کە بەردەوام بوونی بەریتانیا لە ناوچەی کەنداو پاڵنەرێکە بۆ ئەوەی لایەنە چەپەکان چالاک بن، هەربۆیە بە جۆش و خرۆشەوە بوو بۆ جێبەجێکردنی کشانەوەی بەریتانیا، لە هەمان کاتدا هانی دروست کردنی یەکێتی میرنشینەکانیدا، بۆ ئەم مەبەستەش هەوڵی نێوەندگیری کردنی لە نێوان میرنشینەکان و هەریەک لە بەحرەین و قەتەر گێڕا بۆ تەواوکردنی ئەم پرۆژەیە بە مەبەستی دڵنیابوون لەوەی کە یەکێتییەکە یارمەتیدەر دەبێت بۆ خێراکردن و جێبەجێکردنی کشانەوەکە (الزيانی، 1994 : 212) .

لەبەرامبەردا بەریتانیا هەموو ئەو ناڕەزایەتی و دژایەتی کردنەی وڵاتانی کەنداوی عەرەبی سەبارەت بە کشانەوەی هیزەکانی پشتگوێ خست و لە هەمان کاتدا ڕەتکردەوە هیچ پێشنیارێک سەبارەت بەو پرسە قبوڵ بکات، بە پاساوی ئەوەی بەریتانیا ناتوانێت سوپاکەی بکاتە بەکرێگیراو و بیاننێرێتە ئەو ناوچانەی کە دەیانەوێت بەریتانیا بیانپارێزێت، هەربۆیە دێنیس هیلی وەزیری بەرگری بەریتانیا لە لێدوانێکدا دەڵێت: "من زۆر حەزم لەو بیرۆکەیە نییە کە ئێمە وەک جۆرێک لە کۆیلەی سپی پێست بین بۆ شێخەکانی عەرەب، بۆیە پێموایە تا ئەو شوێنەی پێویستە خۆمان بڕیار لە کەنداو بدەین، بەتایبەتی ئەوەی لەبەرژەوەندی بەریتانیادایە لەماوەیەکی درێژخایەندا ئەنجامی بدەین و لەگەڵ پابەندبوونەکانیشمان بگونجێت" (Sato, 2009 : 111)، هەروەها لە درێژەی قسەکانیدا گوتی پێموایە هەڵەیەکی زۆر گەورەیە ئەگەر ڕێگە بە خۆمان بدەین بۆئەوەی ببین بە بەکرێگیراو بۆ ئەو کەسانەی کە ئارەزووی دەکەن چەند سەربازێکی بەریتانی لە دەوروبەریاندا بێت" (Sato, 2009 : 111) .

دەکرێ بڵێین شتێکی سروشتی بووە کە دەسەڵاتداران و شێخەکانی وڵاتانی کەنداوی عەرەبی مەترسیان لە کشانەوەی هێزەکانی بەریتانیا هەبێت، کە هۆکارێک بوو بۆ دروست بوونی بۆشایی لەسەر ئاستی سیاسی و سەربازی، چونکە وڵاتانی کەنداو عەرەبی

لەسەر پاراستنی بەریتانیا ڕاهاتبوون، کە نزیکەی سەد و پەنجا ساڵ ئاسایش و سەقامگیری ناوچەکەیان لە ئەستۆ گرتبوو، هەربۆیە داوایەکی شیاوە کە ئەو وڵاتانە داوای مانەوەی هێزەکانی بەریتانیا لە ناوچەکەدا بکەن .

### 6-3 کاردانەوەی میرنشینەکانی کەنداو .

سەبارەت بە کاردانەوەکانی میرنشیەنەکانی کەنداو (العقاد، 1971 : 134 – 142 ؛ سلمان و التميمي، 2015 : 273 – 277)، کە بریتی بوون لە (ئەبوزەبی، دوبەی، شارقە، ڕاس ئەلخەیمە، عەجمان، ئوم قووین و فوجیرە)، هەروەها هەردوو میرنشینی (قەتەر و بەحرێن)، فەرمانڕەوایانی ئەو میرنشینە بچووکانە سەر سوڕمانی خۆیان بەرامبەر بڕیارەکەی بەریتانیا بۆ کشانەوەی هێزەکانیان ڕاگەیاند، بەتایبەتی دوای ئەوەی دڵنیایان لە پارتی کرێکاران وەرگرتبوو کە بەریتانیا نایەوێت هێزەکانی لەناوچەیەدا بکێشێتەوە ( AL – Mubarak, 1976 : 46)، بەڵام نیگەرانیەکانی ئەم میرنشینانە لەو کاتەوە سەریهەڵدا کاتێک بڕیاری کشانەوەی لە عەدەندا، هەروەها مەترسی ئەوەیان لادروست بوو کە چارەنووسیان وەک عەدەن بێت، بۆیە بەحرەین هەنگاوی جدی نا بۆ گەڕان بەدوای بەدیلێکدا گەرەنتی سەقامگیری و قەوارەی داهاتووی خۆی مسۆگەر بکات، دواتر وەزیری دارایی بەحرەین لەگەڵ ڕیمۆند هێر (Ambassador Raymond A. Hare) یاریدەدەری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بۆ کاروباری ڕۆژهەڵاتی نزیک کۆبویەوەو نیگەرانییەکانی بەحرەین و وڵاتانی کەنداوی عەرەبی سەبارەت بە کشانەوەی بەریتانیا لە عەدەن ڕاگەیاند، بەهۆی ئەو فشارانەی وڵاتانی بەهێزی وەک میسرو مەترسی زاڵبوونی بەسەر نیمچە دورگەی عەرەبی و کەنداوی عەرەبی دووپاتکردووە، لە هەمان کاتدا شێخ خەلیفە کوڕی سەلمان داوای لە دەسەڵاتدارانی بەریتانیا کرد، پێش ئەوەی بەریتانیا دەست بە پابەندبوونەکەی بۆ کشانەوەی هێزەکانی بکات، هەماهەنگی پێشوەختە لەسەر ئەم پرسە بکەن (العجمي، 2006 : 337) .

جگە لەوەش میرنشینەکانی وەک ئەبوزەبی و قەتەر داوایان لە بەریتانیا کرد هێزەکانی لە ناوچەکەدا بهێڵێتەوە، بەمەرجێک میرنشینەکان تێچوون و خەرجییەکانی مانەوەیان بدات، لەپێناو پاراستنی ئاسایش و سەقامگیری ناوخۆیی ناوچەکە، هەروەها شێخ زاید کوڕی سوڵتان ئال نهیان (مولي، 2015 : 18) ، فەرمانڕەوای ئەبوزەبی، خواستی خۆی بۆ مانەوەی هێزەکانی بەریتانیا خستەڕوو، لەڕێگەی نامەیەکی نێوان خۆی و بەریتانیاوە، کە تیایدا هاتووە "بۆ بەردەوامیی و مانەوەی هێزە سەربازەکانی بەریتانیا لە ناوچەکە بۆ کاتێکی نادیار مسۆگەر بکات، ئامادەیە بەشداری لە تێچووی دارایی هێزەکانی بەریتانیا لە ناوچەکەدا بکات، جا بە ئاشکرا بێت یان بە نهێنی و بە هەر شێوەیەک کە حکومەتی بەریتانیا داوای دەکات" (Sato, 2009 : 108)، لەبەرامبەردا وەزیری بەرگری بەریتانیا ڕایگەیاند پەسەندکردنی ئەم داواکارییە مانای ئەوەیە هاوڵاتیانی ئینگلیز بکەن بە سەربازی بەکرێگیراو (العقاد، 1974 : 383 – 384) .

لەلایەکی دیکەوە شێخ ڕاشدی کوڕی سەعید ئال مەکتوم (الحمداني، د.ت : 55) حاکمی دوبەی، هەستی بە نائومێدییەکی زۆر کرد لە بڕیاری کشانەوە، هەربۆیە هەوڵیدا بەرپرسانی بەریتانیا ڕازی بکات و پاشگەزیان بکاتەوە لەم بڕیارە، هەروەها داوای لێکردن تاوەکو دوای ساڵی ١٩٧١ لە ناوچەکە بمێننەوە، بەڵام لە هەوڵەکەی سەرکەوتوو نەبوو، دوای ئەوەی دڵنیا بوو کە بڕیارەکە کۆتایی و گەڕانەوەی بۆ نییە، لە هەمان کاتدا داوای لە بەرپرسانی بەریتانیا کرد بەر لەوەی نیازی کشانەوەیان ڕابگەیەنن، پێویستە ڕاوێژ لەگەڵ فەرمانڕەواکانی ناوچەکە لەسەر ئەم پرسە ئەنجام بدەن (الحمداني، د.ت : 55) .

لەم بارەیەوە فەرمانڕەواکانی ئەم میرنشینانەی کەنداو هەستیان بە دڵەراوکێ و بێزارییەکی زۆر کرد سەبارەت بە سەرهەڵدانی نائارامی ناوخۆیی چاوەڕوانکراو لەناوخۆیی ناوچەکە، ئەگەر بەریتانیا هێزە سەربازییەکانی بکشێنێتەوە، هەر لەم بارەیەوە شێخ ئەحمەد کوڕی عەلی ئال ثانی حاکمی قەتەر، تێڕوانینی خۆی سەبارەت بە کشانەوەکە خستەڕوو و گوتی "ئەگەر ڕاست بێت کە دۆخی دارایی بەریتانیا سەخت بووەو چیتر لەتوانایدا نیە پاڵپشتی هێزە سەربازییەکانی لە کەنداو بکات" ئەوا وڵاتەکەی و فەرمانڕەواکانی وڵاتانی دیکەی کەنداو بەتایبەتی شێخ زاید فەرمانڕەوای ئەبوزەبی، بەخۆشحاڵییەوە هاوکاری بەریتانیا دەکەن لە خەرجیە سەربازییەکانی، هەریەکەیان بەپێی توانای خۆی بۆ مەبەستی پاراستنیان" (AL – Mubarak, 1976 : 47)، هەروەها شازادەی جێنشینی قەتەر پێشنیاری ڕێککەوتنێکی نوێی کرد بۆ دەستەبەرکردن و دابینکردنی پاراستنیان، لە هەمان کاتدا فەرمانڕەوا ناوخۆییەکانی کەنداو پێیانوابوو بوونی بەریتانیا لە ناوچەکەدا بە گشتی گەرەنتی سەقامگیری بۆ ئەم میرنشینانە و کەنداوی عەرەبی دەکات، بەڵام کشانەوەی هێزەکانی بەریتانیا ناهاوسەنگی لە ناوچەکە دروست دەکات (AL – Mubarak, 1976 : 47)، هەربۆیە مەترسی سەرهەڵدانی ململانێی خێڵەکی لە ناوخۆیی میرنشینەکان ئەگەرێکی کراوەبوو، جگە لە مەترسیە دەرکییەکان لە دوای کشانەوەی بەریتانیا بەرۆکی وڵاتانی کەنداوی عەرەبی دەبوویەوە، چونکە بەتێڕوانینی فەرمانڕەواکانی ناوچەکە بەریتانیا لایەنەکی سەرەکی و گرنگ بوو بۆ بەرقەرارکردنی ئاسایشی ناوچەکە (العجمي، 2006 : 343)، هەربۆیە فەرمانڕەواکانی ئەم میرنیشنانە هیواخواز بوون حکومەتی بەریتانیا لە بڕیارەکەی پاشگەز بێتەوەو هێزەکانیان نەکێشێتەوە (AL – Mubarak, 1976 : 47) .

**4_ئەنجام:**

لە ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە دەگەینە ئەو دەرئەنجامانەی خوارەوە :

- بڕیاری کشانەوەی هێزەکانی بەریتانیا لە ڕۆژهەڵاتی سوێس و کەنداوی عەرەبی کە بۆ ماوەی زیاتر لە سەدەیەک و نیو فەرمانڕەوایی ئەو ناوچەیە بوون، لە ئەنجامی کۆمەڵێک هۆکار کە ناچاریکرد بڕیاری کشانەوە بدات، دیارترینیان ئەو فشارە ماددی و سەربازییانە بوون کە بارگرانییان لەسەر حکومەتی بەریتانیا دروستکردبوو، لە ئەنجامی بوونی سەربازی لە ناوچەکەدا، هەروەها ڕووبەڕووبوونەوە سەربازییە ڕاستەوخۆکان، کە زیانێکی گەورەی بە بەریتانیا گەیاند .

- بڕیاری کشانەوەی هێزەکانی بەریتانیا لە ڕۆژهەڵاتی سوێس و کەنداوی عەرەبی کاریگەریی زۆری لەسەر ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دروستکرد، چونکە ناچاری کرد گۆڕانکاری لە ستراتیژیەتی خۆی بەرامبەر بە ناوچەی کەنداو بکات، ئەویش بە وەرگرتنی بەرپرسیارێتی نوێ بەمەبەستی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی، لەکاتێکدا کە ئامادە نەبووە بۆ وەرگرتنی ئەم بەریرسیارێتیە نوێیە، بەهۆی تێوەگلانی بەجەنگی ڤێتنام ئەمریکا .

- هەروەها فەرمانڕەواکانی میرنشینەکانی کەنداو بۆ بەڵێنی خەرجییەکانی مانەوەی هێزە سەربازییەکانی بەریتانیایان لە ناوچەکەدا نیشاندا، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی هۆکاری ئابووری بەس نییە بۆ ئەوەی بەریتانیا لە ناوچەکە دەربچێت، سەرەڕای ترسی هەندێک لە فەرمانڕەواکان لە دەرئەنجامەکانی کشانەوەی ئەم هێزانە لەسەر بنەمای بەڵێنی پاراستنیان کە بەریتانیا بە فەرمانڕەواکانی ئەم میرنشینانەی دابوو لە ڕێگەی ئەو پەیماننامانەی کە پێشوەختە لە نێوانیاندا ئەنجامدرابوو .

- شێخەکانی میرنشینەکانی کەنداوی عەرەبی لە هەوڵەکانیاندا سەرکەوتوو نەبوون، لە پاشگەزکردنەوەی دەسەڵاتدارانی بەریتانیا لە بڕیاری کشانەوەکەدا .

- بڕیاری کشانەوەی بەریتانیا لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی سوێس و کەنداوی عەرەبی، نیگەرانی جددی لای فەرمانڕەواکانی میرنشینەکانی ناوچەی کەنداو دروستکرد، بەهۆی ترسیان لە دروست بوونی بۆشایی ئەمنی کە ڕەنگە ئێران یان وڵاتانی دیکە داگیریان بکەن، چونکە ئەو میرنشینانە پشتیان بە بەریتانیا دەبەست بۆ بەرگریکردن لێیان لە مەترسی دەرەکی .

- هەڵوێست و کاردانەوەکانی (ئەمریکا، ئێران، سعودیە، کوێت و میرنشینەکانی کەنداوی عەرەبی سەبارەت بە کشانەوەی هێزە سەربازییەکانی بەریتانیا لە ناوچەی کەنداوی عەرەبی و کاریگەرییەکانی لەسەر بارودۆخی ئەو وڵاتانە لە ڕووی سیاسی و ئابووری و سەربازییەوە بەهۆی پەیوەندییان بە ناوچەکەوە، جیاواز بوو .

- کاردانەوەی ئێران بەرامبەر بە بڕیاری کشانەوەی بەریتانیا، هەر زوو پشتگیری بڕیاری کشانەوەکەی کرد، بەمەبەستی قۆستنەوەی ئەو هەلەی کە دەمێک بوو چاوەڕێی دەکرد، تاوەکو بتوانێت ڕۆڵێکی کاریگەر لە ناوچەی کەنداودا بگێڕێت کە خۆی وەک پارێزەری ناوچەکە دەزانی، هەروەها بۆ گەیشتن بە ئامانجە فراوانخوازییەکانی لە ناوچەکەدا .

**5- پێناسەکان**

- **پارتی کرێکارانی بەریتانی :** ئەو پارتە دوای بەستنی کۆنگرەی ئاسایی ساڵانەی سەندیکاکانی کرێکاران لە ساڵی ١٨٩٨ لە شاری پلیمۆس دامەزرا، لەم کاتەدا جەیمس کێر هاردی (Hardy k James) کە گەورەترین کەسایەتی کرێکاری بوو لەو سەردەمە، توانی کرێکاران ڕازی بکات کە بەیەک ئاڕاستەی کاری سیاسی هەنگاو بنێن بە ئامانجی گەیشتنی نوێنەرانی کرێکاران بۆ پەرلەمان، چونکە ناوبراو پێی وابوو ئەوە باشترین ڕێگەیە بۆ پاراستنی یەکڕیزی کرێکاران، لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٠٦دا (٢٩) کورسی بەدەست هێنا، دوای ئەم بەروارە وەک پارتێکی سیاسی بەناوی پارتی کرێکاران ناسرا، لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩١٨ بووە خاوەنی (٥٧) کورسی، لە ساڵی ١٩٢٢دا (١٤٢) کورسی بەدەستهێنا و بوو بە پارتی سەرەکی ئۆپۆزسیۆن، ڕامزی ماکدۆناڵد وەک یەکەم سەرکردەی پارتەکە هەڵبژێردرا، هەروەها لە ساڵی ١٩٦٣ هارۆلد ویلسۆن تا ساڵی ١٩٧٦ دەبێتە سەرۆکی پارتەکە و دوو حکومەتی پارتی کرێکارانی (١٩٦٤-١٩٧٠) و (١٩٧٤-١٩٧٦) پێکهێنا. بڕوانە :

Andrew Thorpe, A History of the British Labour Party, Macmillan Press, London, 1997, PP. 1-2 .

- **ڕۆژهەڵاتی سوێس :** زاراوەیەکە بۆ ئەو ناوچەیە بەکاردەهێنرێت کە لە نێوان عەدەن لە ڕۆژئاوا و سەنگافورە لە ڕۆژهەڵات درێژدەبێتەوە، کە چەندەها ساڵ لە ژێر دەسەڵاتی بەریتانیادا بووە . علی عادل علاوی و محمد يحيى احمد، الانسحاب البريطاني من الخليج العربي 1968 – 1971 وأثره على العلاقات البريطانية – السعودية، جامعة الانبار للعلوم الانسانية، "مجلة"، ع(2) ، مج(1)، حزيران 2022، ص311 .

- **هارۆڵد ویلسۆن :** سەرکردەیەکی پارتی کرێکارانی بەریتانیا و سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا بوو، لە ساڵی ١٩٤٥ وەک ئەندامێکی پارتی کرێکاران لە (ئەنجومەنی عموم) دەستی بە کاری سیاسی کرد، پاشان دوای دوو ساڵ دەبێتە وەزیری بازرگانی، بەڵام لە ساڵی ١٩٥١ دەستی لە پۆستی وەزیری بازرگانی کێشایەوە وەک نارەزایەتییەک بەرامبەر سیاسەتی دارایی پارتەکەی، دواتر دەبێتە وەزیری دارایی بۆ کاروباری دەرەوە، هەروەها لەگەڵ گێتسێل دەکەوێتە کێبرکێ بۆ سەرکردایەتی کردنی پارتەکەی، هەربۆیە لە ساڵی ١٩٦٠ سەرکردایەتی پارتەکەی دەگرێتە ئەستۆ، دوای سەرکەوتنیان لە هەڵبژاردنە گشتیەکان ساڵی ١٩٦٤ دەبێتە سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا لە ماوەی ١٩٦٤ – ١٩٧٠، هەروەها بۆ جاری دووەم دەبێتەوە بە سەرۆک وەزیران لەماوەی نێوان ١٩٧٤ – ١٩٧٦، لە ٢٤ی ئایاری ١٩٩٥ کۆچی دوایی کردووە، بڕوانە: عبدالوهاب الكيالي، موسوعة السياسية، ج(7)، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت، ١٩٩٥، ص365 .

-**پارتی پارێزگارانی بەریتانی :** سەرەتای سەرهەڵدانی ئەو پارتە دەگەڕێتەوە بۆ گروپێک بە ناوی (توری) کە لەناوەڕاستی سەدەی شانزەهەمدا دەرکەوتووە، هەروەها گروپی توری لەگەڵ گروپێکی تردا کە بە ئەلویک ناسرابوو، ناکۆکی توند لە نێوانیان پەیدابوو، کە دواتر بە پارتی ئازادیخواز ناسرا، لە ڕاستیدا ئەم جیاوازییانەش بەشێکی ئایینی و بەشێکیشی ئابووری بوون، هەروەها لە حاڵەتەکانی دیکەدا دەگەڕێتەوە بۆ نەریتی بنەماڵەیی، چونکە هەر گروپێک هەڵوێستێکی دیاریکراوی هەبوو لەسەر کێشە گشتییەکان، هەربۆیە جیاوازی ئایینی هەمیشە زاڵ بووە بەسەر حزبەکانی بەریتانیادا، شایەنی باسە گروپی توری بە چەندین هەورازو نشێودا تیپەڕیووە تا لە کۆتاییدا بە پارتی پارێزگاران ناسرا (conservative party)، لە کۆبوونەوەی ٢ی کانوونی یەکەمی ١٨٦٧ کە لە لەندەن بەڕێوەچوو، بڕیاردرا بەدامەزراندنی یەکێتیەک لە نێوان ڕێکخراوە ناوخۆییەکان، کە لە ژێر ناوی یەکێتی نیشتیمانی ڕێکخراوە پارێزگارە دەستوورییەکان، هەروەها لە هەمان ساڵدا و بەشێوەیەکی فەرمی وەک پارتێکی سیاسی دامەزرا، لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا ئەو حزبە پێکهاتەی کۆتایی خۆی تەواو کرد، وەک ڕێکخستنێکی جەماوەری بەهێز لە هەڵبژاردنەکاندا لە کێبرکێدابوو بۆئەوەی دەنگی دەنگدەران بۆ خۆی مسۆگەر بکات، بەم شێوەیە حزب بوو بە ئامرازێک بۆ گەیشتن بە دەسەڵات، چونکە لایەنی براوە لە هەڵبژاردنەکاندا ئەرکی پێکهێنانی حکومەت لە ئەستۆ دەگرێت، بڕوانە :

Safra, and Cauz, The new Encyclopaedia Britannica, Vol. (3), Fifteenth Edition, Encyclopaedia Britannica, U.S.A, 2010, PP. 554-555.

- **دێنیس هێرلی :** سیاسەتمەدارێکی بەریتانی بوو لە پارتی کرێکاران لە ٣٠ ئابی ١٩١٧ لە لەندەن لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی هەر لە لەندەن تەواو کردووە، پاشان پەیوەندی بە کۆلێژی بالیۆلەوە کردووە لە زانکۆی ئۆکسفۆرد بۆ خوێندنی زانستە سیاسییەکان، لە ساڵی ١٩٣٦ دەبێتە ئەندامی حزبی شیوعی بەریتانی، لە سەرەتای پەنجاکانی سەدەی ڕابردوودا پەیوەندی بە پارتی کرێکارانی بەریتانیاوە کردووە، هەروەها لە ساڵی ١٩٦٤ پۆستی وەزیری بەرگری لە حکومەتی هارۆڵد ویلسۆن وەرگرتووەو تا ساڵی ١٩٧٠ لەم پۆستەدا ماوەتەوە، کە درێژترین ماوە لە پۆستی وەزیری بەرگری بووە، پاشان لە ساڵی ١٩٧٤- ١٩٧٩ پۆستی وەزیری گەنجینەی وەرگرتووە، لە ساڵی ١٩٨٠ تا ١٩٨٣ جێگری سەرۆکی پارتی کرێکاران بووە، لە ساڵی ٢٠١٠ کۆچی دوایی کردووە. بڕوانە :

Safra, and Cauz, The new Encyclopaedia Britannica, Vol. (5), Fifteenth Edition, Encyclopaedia Britannica, U.S.A, 2010 P. 778.

مشتاق طالب حسين الخفاجي، الاوضاع السياسية والاقتصادية الداخلية في بريطانيا 1969- 1974، كلية التربية الأساسية للعلوم التربوية والإنسانية "مجلة"، جامعة بابل، ع(30)، كانون الأول 2016، ص١٩٢ .

- **ئەنجوومەنی العمومی بەریتانی:** ئەم ئەنجوومەنە بە دەنگدانی نهێنی ڕاستەوخۆ هەڵدەبژێردرێت، لە (٦٥٠) ئەندام پێکهاتووە، ئەنجومەنەکەش بەشێوەی بازنەی هەڵبژاردن یان ناوچەی دەنگدان هەڵدەبژێردرێت و کورسییەکانیان دیاری دەکرێت تا دوای چوار ساڵ ئەندامانی دیکە هەڵدەبژێردرێن، و ئەندامانی پەرلەمان یان لە ڕێگەی هەڵبژاردنە گشتییەکانەوە هەڵدەبژێردرێن کە لە هەموو بازنەکانی هەڵبژاردندا ئەنجام دەدرێن، یان لە ڕێگەی هەڵبژاردنی تەواوکەرەوە کە لە ئەگەری مردنی یەکێک لە ئەندامانی ئەنجومەن ڕوودەدەن، ئەنجوومەنی عمومی بەریتانی لە قۆناغێکدا گەشەی کرد کە بەریتانیا ناوی ئینگلتەرا بوو لە ماوەی سەدەی چواردەهەمدا و ئەم ئەنجوومەنە بەردەوام بوو لە گەشەکردن تا بوو بە ئەنجوومەنی کۆمۆنەکانی بەریتانیا لەگەڵ بەبەستنی یەکێتییەکی سیاسی لەگەڵ سکۆتلەندا لە ساڵی ١٦٠٣، پاشان دوای سەربەخۆیی ئیرلەندا لە ساڵی ١٩٢٢ ناوی بۆ شێوەی ئێستای گۆڕدرا. بڕوانە :

Safra, and Cauz, The new Encyclopaedia Britannica, Vol. (3), Op. Cit, P. 494 ;

عبد الوهاب الكيالي، الموسوعة السياسية، المؤسسة العربية لدراسات والنشر، ج(6)، بيروت، د.ت، ص٣٢٨ .

- **جۆرج براون :** لە ساڵی 1914 لەدایک بووە، سیاسەتمەدارێکی بەریتانییە و ئەندامێکی دیاری پەرلەمانی بەریتانیا بووە لەسەر پشکی پارتی کرێکاران، هەروەها چەندین پۆستی سیاسی هەبووە، لەوانە جێگری سەرۆکی پارتی کرێکارانی بەریتانیا لە ماوەی ساڵانی (1960-1970)، هەروەها وەزیری دەرەوەی بەریتانیا بووە لە حکومەتی ویڵسۆن لە ساڵی ١٩٦٦، هەروها لە ساڵی ١٩٨٥ کۆچی دوایی کردووە . بڕوانە : مشتاق طالب حسين الخفاجي، الاوضاع السياسية والاقتصادية الداخلية في بريطانيا 1969- 1974، كلية التربية الأساسية للعلوم التربوية والإنسانية "مجلة"، جامعة بابل، ع(30)، كانون الأول 2016، ص١٠٥ .

- **یوجین ڕۆستۆ:** سیاسەتمەدارێکی ئەمریکی بە ڕەگەز یەهودی بووە، ناوبراو چەندین پۆستی وەرگرتووە، لەوانە یاریدەدەری وەزیری دەرەوە بۆ کاروباری سیاسی و ڕاوێژکاری سەرۆک نیکسۆن، هەروەها دەرچووی پەیمانگای تەکنەلۆجیایە لە ماساشوستس، ئارەزووی ئەوەی هەبووە کەوا ڕووداوە نێودەوڵەتییەکان لە چوارچێوەی تیۆریە مێژووییەکان بەیەکەوە ببەستێتەوە . بڕوانە: هالة أبو بكر سعودي، السياسة الأمريكية تجاه الصراع العربي – الإسرائيلي 1967 – 1973، ط(1)، مركز الوحدة العربية، بيروت، 1983، ص146 .

- **فەیسەڵی کوڕی عەبدولعەزیز :** لە ٤ی نیسانی ١٩٠٦ لە شاری ڕیاز لە دایکبووە، بە پەروەردەیەکی ئیسلامیدا پەروەردە کراوە، باوکی گرنگییەکی زۆری بە کەسایەتییەکەی دەدا، هەروەها بە زیرەکی و توانای تێگەیشتن و شیکردنەوە ناسراوبوو، چەندین پۆستی سیاسیی هەبووە، لە ساڵی ١٩٢٣ وەک جێگری باوکی لە ناوچەی حیجاز دەستنیشانکرا، پاشان لە ساڵی ١٩٣٠ دەبێتە وەزیری دەرەوە، لە ساڵی ١٩٥٣ دەبێتە شازادەی جێنشین و سەرۆک وەزیران، لە ساڵی ١٩٦٤ دەبێتە شای سعودیە، لە ٢٥ی ئازاری ساڵی 1975 کۆچی دوایی کردووە. هلبين محمد أحمد، موقف المملكة العربية السعودية من حربي الخليج الأولى والثانية 1980 – 1991م، أطروحة الدكتوراه، كلية الاداب، جامعة الإسكندرية، 2016، ص19 .

- **سوباح ئەلئەحمەد ئال سوباح :** لە ١٦ی حوزەیرانی 1929 لە شاری جەهرا لەدایک بووە، هەروەها لە قوتابخانەکانی کوەیتیش خوێندوویەتی، دواتر وەک وەزیری ئیرشاد دەست بەکاردەبێت، لە ساڵی 1963 دەبێتە وەزیری دەرەوەی کوێت، لە پۆستەکەیدا بەردەوام بووە، جگە لەوەی لە ساڵی ١٩٧٨ پۆستی جێگری سەرۆک وەزیرانی وەرگرتووە ، لە ساڵی ٢٠٠٦ دەبێتە ئەمیری کوێت، لە ٢٩ی ئەیلوولی ٢٠٢٠ کۆچی دوایی دەکات. بڕوانە : عبدالوهاب الكيالي، الموسوعة السياسية، المؤسسة العربية لدراسات والنشر، ج(3)، بيروت، د.ت، ص550 .

- **میرنشینەکانی کەنداوی عەرەبی :** ئەو ناوەیە کە حکومەتی بەریتانیا بە کۆمەڵێک یەکێتی خێڵەکی لە باشووری ڕۆژهەڵاتی نیمچە دورگەی عەرەبی داوە کە ژمارەیان (٩) میرنشین بوو، کە سەرکردەکانیان پەیماننامەی پاراستن یاخود ئاگربەستیان لەگەڵ بەریتانیا لە نێوان ساڵانی (١٨٢٠-١٨٩٢) واژۆ کردووە، هەروەها ئەم میرنشیانە بەم شێوەیە لە ژێر پارێزگاری بەریتانیا مانەوە تا ئەو کاتەی پەیماننامەکان لە ١ی کانوونی یەکەمی ١٩٧١دا هەڵوەشێنرانەوە، هەر بۆ ڕۆژی دواتر شەش لەم میرنشیانە لەوانە (دوبەی، ئەبوزەبی، شارقە، عەجمان، ئوم ئەلقوین و فوجیرە) پێکەوە یەکیان گرتوو ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبییان پێکهێنا، دواتر لە ١٠ی شوباتی ساڵی ١٩٧٢ میرنشینی ڕاس ئەلخەیمەش پەیوەندی بە بەم یەکێتیەوە کرد، بەڵام بەحرێن لە ١٤ی ئابی ١٩٧١ بە فەرمی سەربەخۆیی خۆی ڕاگەیاند، هەرچی قەتەر بوو ئەویش لە ئەیلوولی ١٩٧١ سەربەخۆی ڕاگەیاند بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە : صلاح العقاد، اتحاد امارات الخليج العربي، السياسة الدولية، "مجلة" ع(26)، مؤسسة الاهرام، القاهرة، اكتوبر 1971، ص ص134 – 142 ؛ عامر محسن سلمان و جاسم محمد حسين التميمي، المصدر السابق، ص273 و ص277 .

- **شێخ زاید کوڕی سوڵتان ئال نهیان :** لە ساڵی 1918 لە کۆشکی ئەلحوسن لە ئەبوزەبی لەدایک بووە، لە سەرەتای ژیانیەوەو یەکەم هەنگاو کە دەستی پێکردووە ئەویش فێربوون و لەبەرکردنی قورئانی پیرۆز بووە، وەک هاوتەمەنەکانی لە بنەماڵەی ئەلنەهیان، کە پەیوەندییان بەو نووسەرانەوە کردوە کە وەک دامەزراوەیەکی پەروەردەیی بووە کە فێرخوازەکە خوێندنەوەو نووسین و پراکتیزەکردنی وەرگرتووە، هەروەها شێخ زەید لە ساڵی ١٩٤٦ وەک نوێنەری فەرمانڕەوای ئەبوزەبی شێخ شەخبووت کوڕی سوڵتان لە شاری عەین دەستنیشانکرا، لەلایەن خەڵکی ناوچەکەوە ناسراو و متمانە پێکراو بوو، هەروەها کەسایەتیەکی بەهێزی هەبوو، لە شوێنی نیشتەجێبوونی خۆی لەگەڵ عەشیرەتەکان هەردەم کۆبوونەوەی کردووە، هەروەها ڕۆڵێکی گەورەی هەبوو لە یەکخستنی دەوڵەتی ئیماراتی ئێستا لەگەڵ شێخ ڕاشد کوڕی سەعید ئال مەکتوم، ئەمەش لە ٢ی کانوونی یەکەمی ١٩٧١ هاتە دی و یەکەم فیدراڵیەتی عەرەبی لە مێژووی نوێ دامەزرا، لە ساڵی ٢٠٠٤ کۆچی دوایی کردووە. بڕوانە : صبا حسين مولي، الشيخ زايد بن سلطان آل نهيان ودوره في السياسة العربية ١٩٧١ - ٢٠٠٤ ، ط1 ، دار ومكتبة عدنان للطباعة والنشر والتوزيع، بغداد، ٢٠١٥ ، ص١٨ .

- **شێخ ڕاشدی کوڕی سەعید ئال مەکتوم :** لە ساڵی 1912 لەدایک بووەو لە ژێر چاودێری باوکیدا، شێخ سەعید بن مەکتوم ئەلمەکتوم گەورە بووەو لە هۆزی ئەلبو فەلاسەن، هەروەها سەرەتای خوێندنی لە فێربوونی زانستەکان و زمانی عەرەبی دەست پێکردووە، دواتر لەگەڵ دەستپێکردنی خوێندنی ئاسایی پەیوەندی بە قوتابخانەی ئەحمەدیەوە کردووە، شێخ ڕاشد لە ساڵی ١٩٥٨ەوە حوکمڕانی میرنشینی دوبەی کردووە، جێگری سەرۆکی ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی لە سەرەتای دامەزراندنی یەکێتییەکەوە لە ساڵی ١٩٧١ تا کۆچی دوایی لە ساڵی ١٩٩٠ لەو دوو پۆستەدا ماوەتەوە . بڕوانە : علي حسن الحمداني، دولة الإمارات العربية المتحدة (نشأتها وتطورها)، ط(1)، مكتبة العلاء، الكويت، د.ت، ص55 .

## 6- لیستی سەرچاوەکان:

### 6-1 بەڵگەنامە بڵاوکراوەکان

#### - بەڵگەنامەی ئەمریکی


- F.R.U.S, XXIV, 1969–1976, Memorandum of Conversation, Washington, 13 January, 1971 .
- F. R. U. S., 1964 – 1968, Vol XXII, Iran, Doc 275. Telegram From the Department of State to the Embassy in Iran, Washington, March 30, 1968 .
- F. R. U. S., 1964 – 1968, Vol XXII, Iran, Doc 162. Memorandum of Conversation, Hare Raymond, Wriggins Howard, Khosrovani Khasro, Washington, July 26, 1966 .
- F.R.U.S., 1969 – 1976, Vol E – 4, Iran and Iraq, 1969 – 1972, Doc 91. Memorandum from the Presidents Assistant for Nattional Security Affaris (Kissinger) to President Nixon, Washington, October 22, 1969 .
- F.R.U.S., 1964-1968, Vol XXII, Iran, Doc 293. Memorandum From the Director for the Near East and South Asia Region of the Office of International Security Affairs, Department of Defense (Newcomer) to the Assistant Secretary of Defense for International Security Affairs,
- F.R.U.S., 1964-1968, Vol XXII, Iran, Doc 294. Memorandum From the President's Special Assistant (Rostow) to President Johnson, Washington, June 12, 1968 .
- F.R.U.S., 1964-1968, Vol XXII, Iran, Doc 264. Telegram From the Embassy in Iran to the Department of State, Tehran, March 6, 1968 .
- F.R.U.S., 1964-1968, Vol XXII, Iran, Doc 304. Telegram From the Embassy in Iran to the Department of State, Tehran, July 12, 1968 .
- F.R.U.S., 1969-1976, Vol E - 4, Iran and Iraq, 1969 – 1972, Doc 1. National Intelligence Estimate 34 – 69, Washington, January, 10, 1969 .
- F.R.U.S., 1964-1968, Vol XXII, Iran, Doc 295. Memorandum of Conversation Military Needs, Washington, June 12, 1968 .
- F.R.U.S., 1969 – 1972, Vol E – 4, Iran and Iraq, 1969 – 1972, Doc 1. National Intelliigence Estimate 34 – 69, Washington, January 10, 1969 .
- F.R.U.S., 1964-1968, Vol XXII, Iran, Doc 295. Memorandum of Conversation, Washington, June 12, 1968 .


#### - بەڵگەنامەی بەریتانی


- FCO 8 / 10, Foreign Offive minute regarding Cabinet conclusions on the date of withdrawal from Far East and the Gulf, 4 March 1968 .


### 6-2 کتێب

#### - بەزمانی فارسی


- جمشيد جزء محمد پور، حضور بريطانيا در خليج فارس، فصلنامة تخصصي تاريخ معاصر ايران، سال دهم، شمارة سي و هفتم، تهرات، بهار، 1385هـ.ش .
- صبر ذبيح، منوجهر بروين، سياسة إيران في الخليج العربي وانفاقاتها العسكرية، ت: علاء الدين أحمد حسين، مركز دراسات الخليج العربي، البصرة، 1990 .
- عليزضا ازعندي، روابط خارجي ايران 1320 – 1357، چاپ نهم، نشر قومس، ١٣٨٨هـ.ش .


#### - بەزمانی عەرەبی


- ابراهيم وهيب، الإستراتيجية الأمريكية في إيران، د.م، 2010 .
- أمل ابراهيم الزياني، البحرين بين الاستقلال السياسي والانطلاق الدولي، ط(2)، القاهرة، 1994 .
- انطوان متى، الخليج العربي من الاستعمار البريطاني حتى الثورة الإيرانية 1798 – 1978، دار الجيل، بيروت، 1993.
- إيمان لافي المطيري، التطلعات الإيرانية في الخليج العربي (1945 – 1971)، ط(2)، مكتبة افاق، الكويت، 2013 .

- جمال زكريا قاسم، تاريخ الخليج العربي الحديث والمعاصر، "تطور الأوضاع السياسية والاقتصادية لإمارات الخليج العربية ووصولها إلى الاستقلال 1945 – 1971، مج(4)، ط(1)، دار الفكر العربي، القاهرة، 1996 .
- جمال زكريا قاسم، مشكلات الأمن في الخليج العربي منذ الانسحاب البريطاني الى حرب الخليج الثانية، ط(1)، مركز الإمارة للدراسات والبحوث الاستراتيجية، ابوظبي، 1997 .
- خلدون حسن النقيب، المجتمع والدولة في الخليج العربي والجزيرة العربية في منظور مختلف، ط2، مركز دراسات والوحدة العربية، بيروت، 1989 .
- روح الله رمضاني، سياسة ايران الخارجية 1941 – 1973 "دراسة في السياسة الخارجية للدول السائرة صوب التحديث"، ت: علي حسين فياض وعبدالمجيد حميد جودي، منشورات مركز دراسات الخليج العربي بجامعة البصرة، شعبة الدراسات الفارسية، سلسلة ايران والخليج العربي (20)، 1984 .
- سعيد الصباغ، العلاقات المصرية الإيرانية بين الوصال والقطيعة 1970 – 1981م، ط(1)، دار الشروق، القاهرة، 2007.
- صبا حسين مولي، الشيخ زايد بن سلطان آل نهيان ودوره في السياسة العربية ١٩٧١ - ٢٠٠٤ ، ط1 ، دار ومكتبة عدنان للطباعة والنشر والتوزيع، بغداد، ٢٠١٥ .
- صلاح العقاد، التيارات السياسية في الخليج، ط(1)، مكتبة الأنجلو المصرية، القاهرة، 1974 .
- صلاح العقاد، معالم التغيير في الخليج العربي، ط(1)، معهد البحوث والدراسات العربية، القاهرة، 1972 .
- ظافر محمد العجمي، أمن الخليج العربي "تطوره وإشكالياته من منظور العلاقات الإقليمية والدولية، ط(1)، مركز الدراسات الوحدة العربية، بيروت، 2006 .
- عبدالخالق عبدالله، النظام الإقليمي الخليجي، دبي، 2006 .
- علي حسن الحمداني، دولة الإمارات العربية المتحدة (نشأتها وتطورها)، ط(1)، مكتبة العلاء، الكويت، د.ت .
- علي عبدالحسين عبدالله، أمن الخليج العربي في ظل المتغيرات الإقليمية والدولية، ط1، دار مؤسسة رسلان للنشر والتوزيع، سوريا، 2011 .
- فؤاد شهاب، تطور الإستراتيجية الأمريكية في الخليج العربي، د . م، 1994 .
- فيصل بن سلمان ال سعود، إيران والسعودية والخليج "سياسة القوة في مرحلة انتقالية 1968 – 1971، ت: نسرين ناضر، ط(1)، دار النهار للنشر، بيروت، 2006 .
- مايكل ا. بالمر، حراس الخليج (تاريخ توسع الأمريكي في الخليج العربي 1833 – 1992م، ت: نبيل زكي، القاهرة، 1995.
- مايكل كلير، ايران 1900 – 1980، ط(1)، مؤسسة الأبحاث العربية، بيروت، 1980 .
- محمد جاسم الندواي، السياسة الايرانية إزاء الخليج العربي في الثمانيات، منشورات مركز دراسات الخليج العربي، السلسلة الخاصة (84)، جامعة البصرة، 1990 .
- محمد حسن العيدروس، العلاقات العربية – الإيرانية 1921 – 1979، ط(1)، منشورات ذات السلاسل، الكويت، 1985 .
- محمد عدنان مراد، صراع القوى في المحيط الهندي والخليج العربي جذوره التاريخية وأبعاده، مراجعة: شهيرة مراد، تقديم شاكر الفحام، ط(1)، دار دمشق، سوريا، 1984 .
- محمد فارس الفارس، حزر الإمارات المحتلة ومباحثات الإتحاد التساعي، عمان، 2007 .
- محمد محمود الطناحي، الولايات المتحدة الأمريكية والخليج العربي، دراسة تاريخية سياسية 1971 – 1990، ط(1)، مطبعة المدني، المؤسسة السعودية، مصر، 2005.
- محمد هاشم خويطر الربيعي، موقف الولايات المتحدة الأمريكية من التنافس الإيراني – السعودي على الخليج العربي 1922 - 1988 (دراسة تاريخية)، ط(1)، مكتب زاكي للطباعة، بغداد، 2021 .
- منى سحيم حمد ال ثاني، السياسة الأمريكية في منطقة الخليج العربي 1945 – 1973م، ط(1)، منشورات المركز الأكاديمي للدراسات الإستراتيجية، القاهرة، 2000 .
- نزار كريم جواد الربيعي، العلاقات الإيرانية – الأمريكية "دراسة تاريخية"، ط(1)، مكتب الرجاء، بغداد، 2007 .
- هالة أبو بكر سعودي، السياسة الأمريكية تجاه الصراع العربي – الإسرائيلي 1967 – 1973، ط(1)، مركز الوحدة العربية، بيروت، 1983 .

**- بەزمانی ئینگلیزی**

- Alvin J. Cottrell, British Withdrawal from the Persian Gulf, Military Review Kansas, June, 1970 .
- Andrew Thorpe, A History of the British Labour Party, Macmillan Press, London, 1997 .
- James Onley, Britain and the Gulf Shaikhdoms, 1820 -1971: The Politics of Protection, Center for International and Regional Studies Georgetown University School of Foreign Service in Qatar, 2009 .
- Jonathan Colman, A Special relaiondhip? Harold Wilson, Lyndon B. Johnson and Anglo – American realion “at Summit 1964 – 1968” First published, Manchester University press, U. K. 2004 .
- Lawrence J. Butler, Britain and Empire :Adjudting to a post – Imperial word, I. B Tauris press, U. K. 2002 .
- Stephen A. Kelley, Getting to War: American Securiy Policy in the Persian Gulf, 1969–1991, Dissertation, Naval Postgraduate School Monterey, California, June 2020.
- W. Taylor Fain, American Ascendance and British Retreat in the Persian Gulf Region, New York, 2008 .

**6 – 3 تێزی دکتۆرا**

**- بەزمانی عەرەبی**

- سفيان محمد صالح الجنابي، سياسة الولايات المتحدة الأمريكية تجاه الكويت 1961 – 1981، أطروحة الدكتوراه غير منشور، كلية الاداب، جامعة الأنبار، 2017

- محمد جاسم محمد النداوي، أمن الخليج العربي (دراسة في صراع القوتين العظمتين في الخليج العربي 1968 – 1979)، أطروحة الدكتوراه، كلية الاداب، جامعة بغداد، 1986 .

- محمد عبدالرحمن يونس العبيدي، إيران وقضايا المشرق العربي 1941 – 1979، أطروحة الدكتوراه، كلية التربية، جامعة الموصل، 2005 .

- هدى جاسم منصور الزناد، العلاقات البريطانية – الإيرانية 1951 – 1971، أطروحة الدكتوراه غير منشور، كلية الاداب، جامعة الانبار، 2015 .

- هلبين محمد أحمد، موقف المملكة العربية السعودية من حربي الخليج الأولى والثانية 1980 – 1991م، أطروحة الدكتوراه، كلية الاداب، جامعة الإسكندرية، 2016.

- - بەزمانی ئینگلیزی

- Mariam Mohammad Al – Qraifi, Saudi – Iranian Relations 1971 – 1991 : An Analysis of the Dynamics from the Saudi Perspective, A Thesis Submitted for the Degree of Doctor of Philosophy of The Australian National University, June 2002.

- Saif Mohammad Obaid Bin-Abood, Britain's Withdrawal from the Gulf : With Particular Reference to the Emirates, A Thesis Submitted for the Degree of Doctor of Philosophy at the University of Durham, U.K, April 1992 .

**6 -4 نامەی ماستەر**

**بەزمانی عەرەبی**

- زهير قاسم محمد السامرائي، الموقف العربي والإقليمي من قرار الانسحاب البريطاني من الخليج العربي 1968 – 1971، رسالة الماجستير غير منشور، كلية التربية، جامعة التكريت، 2005 .

- سوسن جبار عبدالرحمن شريف، الخليج العربي في السياسة الخارجية الأمريكية 1971 – 1988، رسالة الماجستير غير منشور، كلية الاداب، جامعة الموصل، 2006.

- وجدان حسين خضير عبد الشجيري، موقف اقطار الخليج العربي من الانسحاب البريطاني (1968 – 1971) من منطقة الخليج العربي، رسالة الماجستير، المعهد العالي للدراسات السياسية، الجامعة المستنصرية، 2004 .

**- بەزمانی ئینگلیزی**

- Masoumah Saleh AL – Mubarak, The British Withdrawal From The Arabian Gulf Its Regional Political Consequence In The Gulf, Unpublished Master Thesis, North Texas State University, 1976 .

**6 – 5 ڕۆژنامە**

**- بەزمانی ئینگلیزی**

- New York Times Jan 17 , 1968.

**6 – 6 توێژینەوە زانستیەکان**

**- بەزمانی عەرەبی**

- اعمار عبدالقادر المختار الكيلاني، الانسحاب البريطاني من الخليج العربي (1968 – 1971م) "الأسباب والنتائج وموقف الولايات المتحدة منه، كلية التربية لجامعة المرقب، "مجلة"، ليبيا، ع(15)، يوليو 2019 .

- تسير جدوع علوش، الانسحاب البريطاني من شرقي الويس والخليج العربي وأثره على الانظمة السياسية فيه 1968 – 1971، الجامعة العراقية "مجلة"، مج(21)، ع(45)، ج(3)، كانون الأول 2019 .

- حسن علي سبتي الفتلاوي، السياسة البريطانية تجاه قطر حتى 1971، دراسات في التاريخ والاثار "مجلة"، كلية الاداب جامعة بغداد، ع (12)، 2007 .

- خليل علي مراد، الولايات المتحدة، النفط، وأمن الخليج العربي، الخليج العربي "مجلة"، مج(14)، ع(1)، مركز دراسات الخليج العربي، جامعة البصرة، 1982 .

- صلاح العقاد، اتحاد امارات الخليج العربي، السياسة الدولية، "مجلة" ع(26)، مؤسسة الاهرام، القاهرة، اكتوبر 1971 .

- صلاح محمد سليم و أيهان جعفر محمد، موقف الولايات المتحدة الأمريكية من قرار الانسحاب البريطاني من الخليج العربي عام 1968، دراسات التاريخية والاجتماعية "مجلة"، جامعة نواكشوط، موريتانيا، 2018 .

- عامر محسن سلمان و جاسم محمد حسين التميمي، موقف دول الخليج العربي من منطقة شرق قناة السويس للمدة 1968 – 1971، كلية التربية الأساسية "مجلة"، الجامعة المستنصرية، مج(22)، ع(94)، بغداد، 2016 .

- عبدالله جمعة الحاج، تطور علاقة النخب السياسية الخارجية ببريطانيا، دراسات الخليج والجزيرة العربية "مجلة"، مج(17)، ع(66)، الكويت، 1992 .

- عناد فواز الكبيسي، إيران عصا الإمبرالية في منطقة الخليج العربي، الخليج العربي "مجلة"، مج (15)، ع (1)، مركز دراسات الخليج العربي، البصرة، 1983 .

- السياسة الأمريكية تجاه الإنسحاب البريطاني من الخليج العربي 1968 – 1971، الخليج العربي، "مجلة"، مج(29)، ع(1-2)، جامعة البصرة، 1999، ص19.

- فهد عباس سليمان السبعاوي، الانسحاب البريطاني من الخليج العربي 1968 – 1971، للدراسات الانسانية "مجلة"، مج (5)، ع(1)، جامعة كركوك، سنة 2010 .

- فهد عباس سليمان، دور المملكة العربية السعودية في استقلال إمارات الخليج العربي 1968 – 1971، جامعة تكريت للعلوم الإنسانية "مجلة"، مج (22)، ع (7)، 2015 .

- قبس ناطق محمد، العلاقات الأمريكية الإيرانية 1963 – 1975، دراسات في التاريخ والاثار "مجلة"، جامعة بغداد، ع (12)، 2009.

- مشتاق طالب حسين الخفاجى، الاوضاع السياسية والاقتصادية الداخلية في بريطانيا 1969- 1974، كلية التربية الأساسية للعلوم التربوية والإنسانية "مجلة"، جامعة بابل، ع(30)، كانون الأول 2016 .

**- بەزمانی ئینگلیزی**

- Shohei Sato, Britains Decision to Withdraw from the Persian Gulf, 1964 – 1968 : A Pattern and a Puzzle, Journal of Imperial and Commonwealth History, Vol. 37, No. 1, March 2009 .

**7-6 ئینسکۆپیدیا**

**بە زمانی عەرەبی**

- عبدالوهاب الكيالي، الموسوعة السياسية، ج(٣)، المؤسسة العربية لدراسات والنشر، بيروت، د.ت .

- .................................، الموسوعة السياسية، ج(٦)، المؤسسة العربية لدراسات والنشر، بيروت، د.ت .

- .................................، موسوعة السياسية، ج(7)، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت، ١٩٩٥ .

**- بە زمانی ئینگلیزی**

- Jacob E. Safra, and Jorge Cauz, The new Encyclopaedia Britannica, Vol. (3), Fifteenth Edition, Encyclopaedia Britannica, U.S.A, 2010.

- ---------------------The new Encyclopaedia Britannica, Vol. (5), Fifteenth Edition, Encyclopaedia Britannica, U.S.A, 2010.

**قرار بريطانيا بالإنسحاب من شرق السويس، الخليج العربي (الخليج الفارسى) في 16 ديسمبر 1968، أثار ردود أفعال الولايات المتحدة وإيران ودول الخليج على هذا القرار (دراسة تاريخية - سياسية )**

**اسماعيل عبدالله اسماعيل**
قسم التاريخ ,كلية الاداب ,-جامعة صلاح الدين – اربيل,اربيل,اقليم كوردستان,العراق
ismael.ismael1@su.edu.krd

**مهدى محمد قادر**
قسم التاريخ ,كلية الاداب ,جامعة صلاح الدين – اربيل,اربيل,اقليم كوردستان,العراق
mahdi.qader@su.edu.krd

**الملخص**
هذا البحث الموسوم بــ(القرار بريطانيا بالإنسحاب من شرق السويس، الخليج العربي (الخليج الفارسى) في 16 ديسمبر 1968، ردود أفعال الولايات المتحدة وإيران ودول الخليج على هذا القرار)، محاولة لبيان و معرفة الوضع السياسي والإقتصادي في الخليج العربي، ولا شك أن هذه المنطقة كانت لها الأهمية الكبيرة والفعالة في السياسة الدولية والصراع بين القوى العظمى في المنطقة، إن وجود القوة البريطانية في شرق السويس، والتي كانت تدير وتحكم هذه المنطقة لأكثر من قرن ونصف قرن، وإن مسألة وجود هذه القوة في هذه المنطقة، أدت إلى الصراع الداخلي والخارجي، وعلى إثر هذا فإن كثيرا من نواب الحزب العمال البريطاني صرحوا بعدم رضاهم من وجود قواتهم العسكرية في شرق السويس وقدموا مذكرة بضرورة إرجاعهم، رغم أن حكومة بريطانيا كانت ترى بضرورة وجود قواتهم وإبقائهم لحماية مراكزهم في هذه المنطقة، وإن رئيس وزراء بريطانيا قد طلب من قبل بضرورة بقاء القواعد العسكرية في أماكنهم، وذلك بالإتفاق مع حكومات المنطقة، ثم إن تأثير الحرب العالمية الثانية وظهور القطبين (الولايات المتحدة الأمريكية و الإحاد السوفيتي) أجبرت بريطانيا بتغير سياساتها في منطقة الخليج.

**الكلمات المفتاحيية** : الانسحاب، بريطانيا، الولايات المتحدة الأمريكية، إيران، شرق السويس، الخليج العربي (الخليج الفارسي)، رد الفعل .

**Britain's Decision to Withdraw from East Suez, Arabian Gulf (Persian Gulf) on December 16, 1968, Sparked Reactions from the United States, Iran, and the Gulf States to this Decision (Historical-Political Study)**

**Ismael Abdullah Ismael**
Department of History, College of Arts, University of Salahaddin- Erbil, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
ismael.ismael1@su.edu.krd

**Mahdi Muhammad Qader**
Department of History, College of Arts, University of Salahaddin- Erbil, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
mahdi.qader@su.edu.krd

**Abstract**
This research is entitled (Britain's decision to withdraw from East Suez, the Arabian Gulf (Persian Gulf) on December 16, 1968, the reactions of the United States, Iran, and the Gulf states to this decision), and it participated in international politics and the conflict between the two states. Powers in the region: The presence of British forces east of the Suez Canal, which have ruled the region for more than a century and a half, and the issue of British military bases in the region, sparked internal and external protests. Many Labor Party representatives were dissatisfied and called for withdrawal, and although Britain believed it still needs these areas to protect its bases, but Prime Minister Wilson called for the need to maintain these military bases in agreement with the governments and peoples of the region. Then, the effects of World War II, the rise of two major global poles (the United States and the Soviet Union), and Britain's defeats forced it to change its policy in the Gulf region.
**Keywords:** withdrawal, Britain, United States, Iran, East Suez, Arab Gulf (Persian Gulf), Reaction